# ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵان

*توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان*

کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

هەندێ لە توێژینەوەکان هەندێ چەشنی کاری منداڵانیان بۆ وێنە کار لە سەر شەقامیان تاوتوێ کردووە، بەڵام هیچ توێژینەوەیەک نییە کە بە شێوەی سیستەماتیک ئیش لە سەر جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان، زەمینەکان، تایبەتمەندییەکان و لێکەوتەکانی ئەم دیاردە لە شاری تاران بکات. ئەم توێژینەوە[2] بە پێی تیۆری بەستێنی ئەنجام دراوە و بۆ کۆکردنەوەی داتاکان تەکنیکەکانی دیمانە و بینین لە سەر بنەمای شێوازی نموونەگیری ئامانجدار، تۆپەڵەبەفری و تیۆری بە کار هێنراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە سێ تاقمی منداڵان، خاوەنکارەکانیان و پسپۆڕانی بواری منداڵانن. بە مەبەستی شیکاری داتاکان شێوازی کۆدینگی سێ قۆناغی بۆ دروستکردنی تیۆری کاری منداڵان بە کار هێنرا. ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە منداڵان لە شاری تاران خەریکی ئەنجامدانی جۆرە جیاوازەکانی کار بۆ وێنە خەریکی ئەنجامدانی خراپترین کارەکانن. پەیوەندی ئەم کارانە لە سەر ئاستی هەر سێ تاقمی خزمایەتی، خاوەنکاری و ڕێکخراوەییە. بەستێنە سەرەکییەکانی کاری منداڵان کەلێنی گەشەکردن لە سەر ئاستی وڵات، شەڕ و هەژاری لە وڵاتی ئەفغانستان، هەژاری بنەماڵەکان، فەرهەنگی هەندێ لە جڤاکەکان سەبارەت بە منداڵ و کاری منداڵ، بازاڕی کاری نافەرمی و بەستێنە یاساییەکان و جێبەجێکردنی یاسایە. هەروەها مەبەستی منداڵان و بنەماڵەکانیان لە کار دابینکردنی بەشێک لە تێچووەکان، شارەزابوون لە بوشایی نێوان خوێندن و پیشە و نەرەخساوبوونی چوون بۆ قوتابخانەیە. ڕێکارە سەرەکییەکانی منداڵان و خێزانەکانیان هەندێ کردەوەیە بۆ ئەوەی ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە و داهاتی زیاتر وەدەست بێنن و مەترسییەکانی کار کەم بکەنەوە. منداڵان لە کاتی کاردا جیا لەوەی دەچەوسێنەوە، جۆرە جیاوازەکانی کار بە پێی هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانیان زیان بە تەندروستی لەش و دەروونیان دەگەیەنێت و کاریگەری ڕووخێنەری لە سەر بەکۆمەڵایەتیبوونیان هەیە.

کلیلە وشەکان: چەوسانەوە، خراپترین جۆری کاری منداڵان، هەژاری، تایبەتمەندییەکانی کاری منداڵ، مەترسییەکانی کاری منداڵ

---

[1] - توێژەر و مرۆڤناس، پسپۆڕی شێوازەکانی توێژینەوە و خاوەن بڕوانامەی ماستەری خەڵکناسیی کۆمەڵایەتی، زانکۆی کێنت – ئینگلتەرا
**kameel.ahmady@gmail.com;**
**http://kameelahmady.com**

[2] احمدی، کامیل و همکاران (۱۴۰۰)، ردپای استثمار در جهان کودکی، انتشارات آوی بوف، دانمارک

**بەراییەکان**

کاری منداڵان لە جیهاندا بەتایبەت لە سەر ئاستی وڵاتانی ڕوو لە گەشە بە شێوەی قبووڵ نەکراو باوە. لە سەرەتای ساڵی 2020 زایینی، واتە بەر لە تەشەنەسەندنی پەتای کۆڤیدی 19، 160 ملیۆن منداڵ – 97 ملیۆن کوڕ و 63 ملیۆن کچ – خەریکی کارکردن بوون؛ واتە لە کۆی هەر دە منداڵ منداڵێک لە سەر ئاستی جیهاندا ئیش دەکات. ئەم ڕێژە لە ناو وڵاتانی جیهاندا واتە وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕوو لە پێشکەوتن بە شێوەی نابەرانبەر بڵاو بۆتەوە. کارکردنی منداڵان لە هەندێ ناوچەی وەکوو باشووری بیاوانی ئەفریقا (86.6 ملیۆن)، ئاسیای ناوەندی و باشووری (26.3 ملیۆن)، ئاسیای ڕۆژهەڵاتی و باشووری ڕۆژهەڵاتی (23.4 ملیۆن)، باکوری ئەفریقا و ڕۆژئاوای ئاسیا (10.1 ملیۆن)، ئەمریکای لاتین و دەریای کاراییب(8.2 ملیۆن) و ئەورووپا و ئەمریکای باکووری (3.8 ملیۆن) باوە (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار و یوونیسێف، 2021). بە پێی بەراوردەکان لە ئێرانیش کاری منداڵان بەو منداڵانەی کە کاری ماڵانیش دەکەن، 15 لە سەدی منداڵانی تەمەن 10 بۆ 18 ساڵانی وڵات لە خۆ دەگرێ و حەشیمەتی منداڵانی ئیشکەر 1.62 ملیۆن کەسە (وامقی و یزدانی، 1398 هەتاوی).

یوونیسێف بە پێی "کارێک کە لە لانیکەمی کاتژمێرەکان زیاترە، بە پێی تەمەنی منداڵ و جۆری کار" وەک کاری منداڵ پێناسەی دەکات. ئەم چەشنە کارانە بە زیانبەخش سەیر دەکرێن و پێویستە لا ببرێن (یوونیسێف، 2007). لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا کاری منداڵ وەک پێشێلکەری مافەکانی منداڵ لێی دەڕوانرێ (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، 1990). منداڵانی کار لە لایەن خاوەنکار و ئەندامانی بنەماڵەوە هەمیشە لەبەر دەم مەترسی چەوسانەوە، کەڵکاوەژۆیی و توندوتیژیدان (جها، 2009).

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بابەتی کاری منداڵ لە ئێران خوێندنەوەی لە سەر کراوە بە جۆرێک کە لە مەڕ هەندێ لە جۆرەکانی کار، بۆ وێنە کاری سەر شەقام تا ڕادەیەک توێژینەوەی باش ئەنجام دراون لە حاڵێکدا هەندێ کاری وەکوو ئیشکردن لە کارگە، کەرتی نافەرمی، کاری ماڵان و کاری منداڵان لە گوند کەمتر ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. پەرەسەندنی کاری نافەرمی بوەتە هۆی تۆختربوونی هەژاری، نابەرانبەری، چەوسانەوەی زیاتری هەژاران بە جۆرێک کە چینە لاوازترەکان لە سۆنگەی ڕەگەز و تەمەنەوە واتە ژنان و منداڵان، زیاترین ڕێژەی کرێکارانی کەرتی ئابووری نافەرمییان لە خۆ گرتووە. هەندێ لەم پیشانە لە ئابووری نافەرمیدا دەرهاویشتەی جەستەیی و دەروونی بۆ سەر منداڵانی لێ دەکەوێتەوە. کاری شاراوەی منداڵ لە ژینگە داخراوەکانی وەکوو کارگەش جۆرێک لە پیشە مەترسیدارەکانە؛ چونکە نابینرێت. کارکردن لە کارگە بچووکەکان، کارگە ماڵییەکان و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کارگەی نافەرمی لە کەرتە نافەرمییەکاندا زیانی زۆری بە دواوەیە؛ منداڵان لە ژینگە داخراوە کارییەکاندا کەمتر ئازادی کار بەئەزموون دەکەن و توانای چاودێری و بەرگریکردن لە خۆیانیان کەمترە. پانتای تاقەتپڕووکێن و داگیراو و مەترسیداری کارگە ژێرزەوینییەکان ئەگەری چەوساندنەوە و ئازاردانی منداڵ زیاتر دەکات. سەبارەت بە کارگە جۆراوجۆرەکان و هەلومەرجی کاری منداڵان لەم ژینگانەدا کەمترین زانیاری لەبەردەستە چونکە نازانرێ لە ماوەی ڕۆژدا چەند کاتژمێر ئیش بەو منداڵانە دەکەن، چەندەیان حەقدەست پێ دەدەن، چۆن پارەکەیان پێ دەدەن و لەم چەشنە. جیا لە کاری منداڵ لە سەر شەقام و کەرتی نافەرمی و کارگەکان، منداڵان لە هەندێ بواری دیکەی وەکوو کشتوکاڵ و کاری ماڵانیشدا ئیش دەکەن. بەڵگەکان

پیشان دەدەن لایەنێکی بەربڵاوی منداڵان لەم کارە ئاماژە پێکراوانەدا ئیش دەکەن کە ئەمە مەترسی زۆری بە دواوەیە (یوونیسێف، 2007). هەر بۆیە پێویستە جۆرەکانی کاری منداڵ و تایبەتمەندییەکانی بناسرێ و لە سۆنگەی ناوەڕۆک، هەلومەرج و مەترسییەکانی کار خوێندنەوەی لە سەر بکرێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوە بە نیازە بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تیۆری بەستێنی جۆرە جیاوازەکانی کاری منداڵان و تایبەتمەندییەکانی لە شاری تاران تاوتوێ بکات.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

جۆرە سەرەکییەکانی کاری منداڵان لە شاری تاران و تایبەتمەندییەکانی چین؟ بەستێنەکانی چین و چی دەرهاویشتەیەکی بۆ سەر منداڵان هەیە؟

پێداچوونەوەیەک بە ئەدەب، ئەدەبی تیۆری

کاری منداڵان "زۆر جار بەو کارانە پێناسە دەکرێ کە منداڵان لە تافی منداڵی، پەستان و شان و شکۆ بێبەش دەکا و بۆ گەشەی جەستەیی و دەروونییان زیانبەخشە" و ئاماژە بەو کارانە دەکا کە ئەم تایبەتمەندییانەیان لە خۆ گرتووە: ئەو منداڵانە لە هەلی چوونە قوتابخانە بێبەش دەکا، بەر لە کۆتاییهاتنی خوێندن ناچار بە وازهێنان لە خوێندنیان دەکات. یان ناچاریان دەکا بەشداری لە هۆڵەکانی خوێندن تێکەڵ بە کاری لە ڕادەبەدەر دوور و درێژ و قورس بکەن (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار؛ بە گێڕانەوە لە: وامقی و یزدانی، 1398: 97).

یەکێتی کرێکارانی نێودەوڵەتی ئاماژە بە پێرستێک لە کاری منداڵان دەکا کە بەربڵاوترین و خراپترین جۆرەکانی کار لە خۆ دەگرن، ئەگەرچی ئەم لیستە هەموو جۆرەکانی کاری منداڵی تێدا نییە. جۆرەکانی کاری منداڵ بریتین لە: (1) کاری ماڵ: جۆرێکە لە کاری منداڵان کە زۆر باوە و هەندێ جار پەسەندکراویشە؛ ئەم جۆرە کارە یان لە ناو ماڵ ئەنجام دەدرێ یان لە دەرەوەی ماڵ. (2) کاری کشتوکاڵی: زۆرێک لە منداڵان لە کەرتی کشتوکاڵدا خەریکی ئیشن. ئەوان لە مەزرای خێزانی لەگەڵ بنەماڵەکانی خۆیان وەک یەکەیەکی بەرهەمهێنان یان بۆ خاوەنکارێکی دیکە ئیش دەکەن. 3) کار لە کەرتی پیشەسازی: ئەم کارە لە کەرتی پیشەسازییەکان دەتوانێ بە شێوەی ڕێکوپێک یان بەهەڵکەوت، یاسایی یان نایاسایی و وەک بەشێک لە کاری بنەماڵە یان بۆ خاوەنکار ئەنجام بدرێت. ئەم کارە منداڵان دەخاتە بەر دەم مادە کیمیاییەکان کە لەوانەیە زیانی وەکوو ژاراویبوون، نەخۆشی سی و پێستی، ئاگرکەوتنەوە و تەقینەوە، خەسارەتی بینایی و بیستنی، سووتمان و تەنانەت مەرگی لێ بکەوێتەوە. 4) کارکردن لە کانزاکان: لە زۆربەی وڵاتاندا منداڵان لە کەرتی کانزادا بە کار دەبرێن. 5) کۆیلەداری و کاری زۆرەملی: ئەم جۆرە کارە زیاتر لە ناو گوندەکاندا بوونی هەیە و بە ستەمکردن لە کەمینەی ئێتنیکی و خەڵکی خۆجێیی ئەم کارە دەکرێت. 6) لەشفرۆشی و قاچاغی منداڵان: مەترسییەکانی ئەم جۆرە کارانە کە ئاوقانی منداڵان دەبێتەوە زۆر زیاترە و لایەنێکی بەربڵاوی لە خەسارەتەکان لە بەدڕەوشتی ئەخلاقییەوە بگرە تا دەگاتە گواستنەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان و مەرگی لە خۆدا گرتووە. 7: کار لە کەرتی ئابووری نافەرمی: کارکردن لەم کەرتەشدا لایەنێکی بەربڵاوی لە ئیش و کار لە خۆ گرتووە کە بریتییە لە واکسکردنی پێڵاو، سواڵکردن،

فرۆشتنی ڕۆژنامە یان زبڵگەڕی کە هەندێ لەم ئیشانە چاوی جەماوەر نایانبینێ و هەندێکیش دەبینرێن. ژینگەی کاری ئەم بەشە زیاتر سەر شەقامە (دیالۆ و کەسانی دیکە، 2013).

هەندێ لە جۆرەکانی کاری منداڵ کە وەک خراپترین کاری منداڵان ناسراون، دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان بەرەو کۆیلایەتی ڕاپێچ بکرێن، لە بنەماڵەکانیان داببڕێن، بکەونە بەر دەم چەندین جۆری مەترسی و نەخۆشی جیدی یان دەبنە هۆی ئەوەی ئەم منداڵانە بەتایبەت لە تەمەنی کەمدا بهێنرێنە سەر شەقامەکانی گەورە شارەکان. ئەم چەشنە کارانە بریتین لە: 1) هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی یان نیمچە کۆیلایەتی، وەکوو فرۆشتن و قاچاغی منداڵان، کۆیلایەتی و بەدیلگرتنیان یان بەکارهێنانی زۆرەملی ئەو منداڵانە لە شەڕی چەکداری؛ 2) بەکارهێنان، ئامادەکردنی منداڵان بۆ لەشفرۆشی، بەرهەمهێنانی بەرنامەی پۆرنۆگرافی یان نمایشی پۆرنۆگرافی؛ 3) بەکارهێنان و تەیارکردنی منداڵان بۆ کاری نایاسایی بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنان و قاچاغی مادەی هۆشبەر و 4) ئەو کارانەی کە بە پێی ناوەڕۆکەکەیان یان بارودۆخەکەیان بۆ تەندروستی و ئاسایش و پایە ئەخلاقییەکانی منداڵ زیانبەخشن (هەمان).

چەندین تیۆری و توێژینەوە هەوڵەدای ڕوونکردنەوەی کاری منداڵان بوون. بۆ ناسینی کاری منداڵ دەبێ فاکتەرە کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و یاساییەکان ڕچاو بکرێن، ئەم فاکتەرانە پێکەوە پەیوەندییان هەیە و تێکەڵی ژینگە نزیکەکان (وەکوو بنەماڵە و قوتابخانە) و ژینگە دوورەکان (سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی) منداڵان بوون. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی کاری منداڵ کەڵک لە تیۆری سیستەمە ژینگەییەکانی برۆنفێنبرێنێر (1994) وەردەگرین چونکە ئەم تیۆرییە چوارچێوەیەکی یەکدەست بۆ تێگەیشتن لە فاکتەرە فرەئاستە کاریگەرەکانی سەر کاری منداڵان دابین دەکات. ئەم تیۆرییە وەک ئامرازی ڕێکخستنی بیر ئیش دەکا و دەتوانین بەشە جیاوازەکانی بە خوێندنەوەی بواری منداڵان تەواو بکەین. بە پێی چوارچێوەی ئێکۆلۆژیکی پێشنیارکراو، فاکتەرە بەستێنییەکان بریتین لە ئاستە زەمەنی[1]، بەربڵاو، دەرەکی، مامناوەند و وردەکان کە پێکەوە لە پەیوەندیدان. توێژەکانی سەرتر بیچم بە توێژەکانی خوارەوە[2] دەدەن، کەواتە دەبنە هۆی ڕژان بەرەو خوارەوە کە پرسی کاری منداڵانی لێ دەکەوێتەوە.




وێنەی ژمارە 1. فاکتەرە بەستێنییە کاریگەرەکانی کاری منداڵ، بە پێی چوارچێوەی ئێکۆلۆژیکی برۆنفێنبرێنێر (لیاو و هوونگ، 2011: 568).

---

[1] - chrono

[2] - trickle-down effect

برۆنفێنبێرنێر سیستەمی زەمەن وەک تێپەڕینی کات پێناسە دەکا کە وەک ناوجیگەرێک بۆ گۆڕان یان پاوەجێی لە درێژەی زەمەن لە تایبەتمەندیگەلی تاکەکەسی یان بەستێنێک کە تاکی لە خۆ گرتووە، ئیش دەکات. لە بواری کاری منداڵان ئەم سیستەمە ئاماژە بە گۆڕان و وەرچەرخانەکانی کاری منداڵان لە درێژەی زەمەن دەکات.

سیستەمی بەربڵاو: وەک گەڵاڵەیەکی فەرهەنگی بۆ پێکهاتە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان لە دیکەی ئاستەکانی سیستەمدا ڕچاو کراوە. ئاستی بەربڵاوی سیستەم بریتییە لە باوەڕە کەلتووریەکان، دەرفەت و مەترسییە پێکهاتەییەکان کە بیچم بە بارودۆخ و پرۆسەکانی سیستەمی ورد دەدات. ئەم فاکتەرانە بریتین لە سیستەمی ڕامیاری – ئابووری، یاساکانی کاری منداڵ و بەها کەلتووری و فەرهەنگییەکان. لە سیستەمی سیاسی و ئابووریدا نابەرانبەری و هەژاری لە فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی کاری منداڵانن. نابەرانبەری دەبێتە هۆی دابەشکرانی چەوتانەی سامان لە ناو چینەکانی کۆمەڵگادا و ئەمە پەرە بە هەژاری چینە نزمەکان دەدا، بنەماڵەکانی ئەم چینەش بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی تێچووەکانیان منداڵەکانیان دەنێرنە ناو پرۆسەی کار. ڕانجان پیشانی داوە کە نابەرانبەری داهات پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کاری منداڵان هەیە، چونکە ئەو کرێکارانەی کە توانای کەمتر و لە ئەنجامدا داهاتی کەمتریان هەیە، کەمتر دەتوانن لە سەر بواری خوێندنی منداڵەکانیاندا سەرمایە دابنێن (وایت[1]، 2009). تەنانەت ئەگەر لە کۆمەڵگادا دەرفەتی گونجاو لەگەڵ خوێندن بوونی نەبێ، دایک و باوکەکان ئامادە نین چیتر بە منداڵەکانیان بخوێنن یان ڕێگری لە درێژەدانی خوێندنی منداڵەکان دەکەن، چونکە پێیان وایە خوێندن کاتی فێربوونی توانای پیشە و پیشەداربوونی منداڵان بە فیڕۆ دەدا و هیچی دیکە (امرسون و ناب، 2006). هەروەها نابەرانبەری پەرە بە کۆچ کردن لە ناوچە گوندییەکانەوە بەرەو شار دەدا و ئەمە دەرکەوتنی هەژاری لە شاری لێ دەکەوێتەوە (سنسوی بهار، 2014). تەنانەت کۆچ کردن لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی دەتوانێ ڕوو بدات. بەستێنە یاساییەکان ئاماژە بەو یاسایانە دەکا کە ڕێگری لە کاری منداڵان ناکا و یان ئەگەریش ڕێگری لێ بکا لە دابەزاندنی یاساکانی ڕێگری لە کاری منداڵان میکانیزمەکانی جێبەجێ ناکات.

چۆنیەتی پێناسەی کۆمەڵگا لە تافی منداڵان کاریگەری لە سەر شێوازەکانی کاری منداڵان دادەنێت. ئەندامانی هەندێ لە کۆمەڵگەکان لەو باوەڕەدان کارکردنی منداڵان دەبێتە هۆی بەکۆمەڵایەتیبوونی تەندروستی ئەوان لە دنیای کار و گەورەساڵیدا (فایف[2]، 1989). بۆ وێنە بەر لە شۆڕشی پیشەسازی کارکردنی منداڵان ئاسایی بوو و ئەوان لەگەڵ دایک و باوکیان لە کێڵگەی کشتوکاڵ یان ماڵدا ئیشیان دەکرد. تەنانەت کاتێک کە کاری منداڵ پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی خێزان هەیە و هەروەها باو نییە، بەسوودە، چونکە هاوکاری داهاتی بنەماڵە دەکا و بۆ چوونە ناو بازاڕی کار ئامادەیان دەکا، هەروەها هاوکارییان دەکا کە نەکەونە ناو داوی کاری سەرشەقامی مەترسیدار وەکوو تاوان و داوێنپیسی (ولف و دیکسون[3]، 2002).

---

1 - White

2 - Fyfe

3 - Wolfe and Dickson

سیستەمی دەرەکی: ئەم سیستەمە لە پەیوەندی نێوان دوو یان چەند وردە سیستەم پێک هاتووە، بەڵام تاک ڕاستەوخۆ گیرۆدەی یەکیان دەبێت. بۆ وێنە ئەگەرچی سیاسەتە دەوڵەتییەکان و ڕای گشتی سەبارەت بە مافەکانی منداڵان بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کاری منداڵان دانانێ بەڵام دەتوانێ بیچم بە ژینگەی بنەماڵە و قوتابخانەی منداڵان بدا، یان بە فەرمیـنەناسینی گشتی کاری منداڵ وەک پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی ناهۆگربوون و قبووڵکردنی کاری منداڵان (لیاو و هوونگ، 2011).

سیستەمی مامناوەند: پەیوەندی دوولایەنەی نێوان دوو یان چەند وردەسیستەمە کە تاکەکان لە خۆ دەگرێت. پەیوەندی لە ناو وردەسیستەمێک (بۆ وێنە بنەماڵە) لەوانەیە کاریگەری لە سەر وردەسیستەمەکانی دیکە دابنێ (وەکوو قوتابخانە). دەستڕانەگەیشتن بە خوێندن یەکێک لە فاکتەرەکانی دیاریکردنی کاری منداڵانە. لەوانەیە منداڵان بەتایبەت لە ناوچە گوندییەکاندا بە هۆی ژینگەی خراپی قوتابخانەوە دەست لە خوێندن هەڵبگرن. کەمی سەرچاوەی پەروەردە، مامۆستای نەشیاو و پێداویستی نالەبار وردە وردە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان واز لە خوێندن بێنن. ئەو گەنجانەی کە دەستیان بە سەرچاوەی پەروەردەیی پێویست ناگا یان هەر سەرچاوەی پەروەردەیان نییە، جگە لەوەی کە ببنە منداڵی کار بژاردەی کەمیان لەبەر دەستە. لەم وردەسیستەمانەدا یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی کارکردنی منداڵ بەشداری‌نەکردنی دایک و باوکە. نەبوونی بەشداری دایک و باوک لە پەروەردەی منداڵەکان و هەروەها خوێندەواری ناتەواو، ئەگەری کارکردنی منداڵ زیاد دەکات. ئاستی خوێندەواری دایک و باوک و تێگەیشتنیان سەبارەت بە گرنگی پەروەردە، هۆکاری سەرەکی چوون یان نەچوونی منداڵان بۆ قوتابخانەیە (لیاو و هوونگ، 2011).

سیستەمی ورد: ئەم سیستەمە هەڵگری ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیانەیە کە تاکەکان یان کۆمەڵێک لە تاکەکان لە خۆ دەگرێت. ئەم ئاستە وەک سەرچەشنێکی کاری، ئەو ڕۆڵ و دەورە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە نێوانتاکایەتییانە پیشان دەدا کە تاک لە ژینگەیەکدا بەئەزموونی دەکات (برۆنفێنبرێنر).

ژینگەی بنەماڵە: هەژاری یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کارکردنی منداڵانە. بۆ زۆرێک لە بنەماڵە هەژارەکان ژیانیان بەوە بەستراوەتەوە کە هەموو ئەندامانی بنەماڵە لە دابینکردنی پێداویستییەکاندا بەشداری بنوێنن. کاری منداڵ وەک هەڵسوکەوت لۆژیکییە کە بەشێک لە سەرچاوەی داهاتی بنەماڵە دابین دەکات. بۆ وێنە لە زۆرێک لە وڵاتاندا وەکوو وڵاتی چین بە هۆی ئەوەی پەروەردەی سەرەتایی بێ‌بەرانبەر نییە بنەماڵە هەژارەکان ناتوانن ئەم تێچووی خوێندنە دابین بکەن و جگە لە کار نەبێ بژاردەی زۆر کەم بۆ منداڵان دەمێنێتەوە (لیاو و هوونگ، 2011). هەروەها ئاستی خوێندنی بنەماڵە (کەمخوێندەواری)، ڕێژەیان (بنەماڵە پڕحەشیمەتەکان) و بیر و باوەڕی دایک و باوکەکان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان بچنە ناو دنیای کارەوە. ئەوەی کە وێنای ئەم دایک و باوکانە سەبارەت بە تافی منداڵی و کاری منداڵ چۆنە، کاریگەری لە سەر پرۆسەی بڕیاردان و شێوازەکانی پەروەردەی منداڵ دادەنێت (سنسوی بهار، 2014).

تایبەتمەندییەکانی منداڵ: هەندێ تایبەتمەندی وەکوو تەمەن، ڕەگەز، پێگەی جوگرافیایی شوێنی ژیان و پەروەردە دەتوانێ کاری منداڵ و جۆری کار دیاری بکات. ئەو بنەماڵانەی کە خاوەن چەندین منداڵن، منداڵە گەورەترەکان بە هۆی توانای جەستەیی، توانای کۆمەڵایەتی یان پێگەیشتن، زیاتر سەرقاڵی کار دەبن

(گروتارت و کانبور[1]، 1995) یان کاری منداڵان لە ناوچە گوندییەکاندا زیاترە و کچان لەم ناوچانەدا زیاتر لە ناوچە شارییەکان ئیش دەکەن (وامقی و یزدانی، 1398). تەمەن و ڕەگەز هەروەها بیچمی کاری منداڵ دیاری دەکات. بۆ وێنە کاری منداڵان لە شەقام لە پاش تەمەنی 15 ساڵانەوە کەم دەبێتەوە چونکە ئەم تاقمە منداڵانە بە شێوەی پەنگراو ڕاکێشەرییان بۆ وروژاندنی هەستی هاودڵی لە ناو کڕیارەکان کەم دەبێتەوە و لەوانەیە ڕوو بکەنە پیشەی دیکە (سنسوی بهار، 2014).

**ئەدەبی ئەزموونی**

زۆرێک لە توێژینەوەکان لە جیهاندا کاری منداڵ بە دەرهاویشتەی هەژاری بنەماڵەکان لە قەڵەم دەدەن بە جۆرێک کە بنەماڵە هەژارەکان بەشێک یان لە هەندێ حاڵەتدا هەموو پێداویستی ژیانی خۆیان لە ڕێگەی کاری منداڵانەوە وەدەست دێنن (خان و هسکت، 2010 ؛ کانگراجل و نیلسن، 2001؛ سالمون، 2005؛ سنسوی بهار، 2014 و 2016؛ کاظیم، 2012؛ ماکوناچی و هیلسونگ، 2016)، توێژینەوە ناوخۆییەکانیش هەژاری بنەماڵەکانیان بە یەکێک لە پاڵنەرەکانی کاری منداڵ ناساندووە. هەژاری بنەماڵەکان چەندین جۆر لە خۆی دەگرێ کە گرینگەکانی بریتییە لە نەخوێندەواری یان کەمخوێندەواری دایک و باوک، بێکاری، کاری وەرزانە و ڕۆژمز، نەبوونی داهاتی پێویست، ژنبوونی سەرپەرشتیاری بنەماڵە و زۆربوونی ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە. هەندێ فاکتەری وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی کە لە هێماکانی هەژارین دەبنە هۆی دەرچوونی منداڵ لە بنەماڵە بە نیازی کار، یان منداڵانی ئەو بنەماڵانەی کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن لە پاڵ دابینکردنی تێچووی بنەماڵە، لە هەندێ حاڵەتدا تێچووی مادەی هۆشبەریش دابین دەکەن (افراسیابی و دیگران، 1400؛ حسینی، 1384؛ زارع شاەآبادی و دیگران، 1388؛ قاسمی و دیگران، 1397؛ وامقی و دیگران، 1390 و 1394). ڕەئیس دانا (1382) سیاسەتی بازارخوازی و هاوسەنگکردنی پێکهاتەیی - ڕادیکاڵی بە هۆکاری هەژاری بەشێک لە بنەماڵەکان و کاری منداڵان دەزانێ، لە پاڵ ئەم هۆکارانە، ناوبراو ئاماژە بە هەندێ فاکتەری دیکەی وەکوو نادادپەروەری، نەبوونی چاودێری دەوڵەتی بۆ بەرگری لە مافەکانی منداڵ و نەبوونی چاودێری دەستەبەرانە دەکات. هەڵکشانی تێچووی خوێندن یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی هەژارییە. هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان پیشانیان داوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان دابینکردنی تێچووی خوێندنە. هەروەها کێشەی دابینکردنی تێچووی خوێندن دەبێتە هۆی دەرچوون لە پرۆسەی خوێندن و کارکردن. نەبوونی بەڵگەی شارۆمەندی وەکوو ناسنامەش وا دەکا کە منداڵان نەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن هەر بۆیە کارکردن نەبێ هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە (افراسیابی، 1400؛ وامقی و دیگران، 1392). هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان پیشانی داوە ناکارامەیی خوێندن وای کردووە کە بنەماڵەکان منداڵەکانیان لە خوێندن بگێڕنەوە و بیانهێننە ناو پرۆسەی کارەوە، چونکە لەو بۆچوونەدان کە خوێندن کار و پیشەی لێ ناکەوێتەوە (کریمیان و دۆستان، 1395).
سەنسۆی بەهار[2] (2016) بە لێکدانەوەی ڕوانگەی دایکانی کورد لە تورکیا پیشانی داوە ڕیزبەندی لەدایک-بوون، ڕەگەز و سەرکەوتن یان درێژەدان بە خوێندن لە فاکتەرە گرینگەکانی پرۆسەی بڕیاردان بۆ کاری منداڵانە بە جۆرێک کە منداڵانێک کە تەمەنیان زۆرترە زیاتر کار دەکەن و ڕیزبەندی لەدایکبوون لەگەڵ ئاسۆی خوێندنی منداڵان هاوسەنگ دەبێت. ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ئەوەی کە ئایا منداڵان کار بکەن یان نا نەبوو بەڵام لە دیاریکردنی شوێنی کاری منداڵان کاریگەر بووە. ئەنجامەکان لە نێوان کاری

[1] - Grootaert and Kanbur
2. Sensoy Bahar

منداڵان و خوێندن دوو لایەنە بوو، بە جۆرێک کە کاری منداڵ کاریگەری لە سەر خوێندنیان دانابوو بەڵام سەرکەوتن و بەشداری لە قوتابخانە بیچمی بە بڕیارەکانی کاری منداڵان داوە.
کۆچی ناوخۆیی و کۆچ کردن بۆ هەندەران کە بە هۆی نابەرانبەری و شەڕ بۆتە هۆی ئەوەی حەشیمەتێکی بەربڵاوی هەژاران و جەنگ‌بێزراوەکان لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بکرێن. زۆرێک لەم کۆچبەرانە ناتوانن خۆیان لەگەڵ شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵگای شاری بگونجێنن، بەم شێوە کاری منداڵەکان بۆ ئەوان دەبێتە بەدیل (خان و هسکت، 2010؛ زارع شاەآبادی 1388 و وامقی و دیگران، 1390). ڕوانگەی کەلتووری سەبارەت بە کارکردنی منداڵان لەم سۆنگەوە کە کارکردن منداڵان بۆ ژیانی داهاتوو ئەیار دەکا، یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانە. هەڵبەت ئەم ڕوانگە و هۆکارەکانیان لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکانی وەکوو قەرەج و گوندییەکاندا جیاوازە (وامقی و دیگران، 1392؛ ایمانی و نرسیسیانس، 1390 هەتاوی). هەندێ فاکتەری دیکەی وەکوو ناسەقامگیری خێزانی وەکوو جیابوونەوە، ناسەرپەرشتی یان بەدسەرپەرشتی، ژیان لەگەڵ زەڕدایک یان زەڕباوک (باوەپیارە)، ئێتنیکایەتی (منداڵانی گرووپە ئێتنیکییەکان زیاتر ئیش دەکەن)، ڕەگەز (کوڕان زیاتر لە کچان ئیش دەکەن)، تەمەن (منداڵانی گەورەساڵتر زیاتر کار دەکەن)، تێوەگلان بە خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی کارکردنی منداڵان. هەندێ لە توێژینەوەکان پیشانی داوە ئەو منداڵانەی کە لە ناو بنەماڵە توندوتیژی بەئەزموون دەکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە پانتای بنەماڵە ڕوو لە شەقام دەکەن و لەوێ ئیش دەکەن (قاسمی و دیگران، 1397 و وامقی و دیگران، 1390 هەتاوی). لە سۆنگەی داخوازیشەوە لێکۆڵینەوەکان پیشانی دا منداڵانی کار بۆ خاوەنکارەکانیان هێزێکی هەرزان، ملکەچ بێچاوەڕوان و بێئاگا لە مافەکانیانن، هەر بۆیە وایان پێ باشە منداڵان بە کار بێنن (کریمیان، 1395 هەتاوی).
کار لێکەوتەی زۆری بە دواوەیە، ناسینی لێکەوتەکانی کاری منداڵانی سەرشەقام هەمیشە بەرسرنجی لێکۆڵینەوەکان بووە، بە جۆرێک هەندێ حاڵەتی وەکوو درێژماوەبوونی کار، خۆراکی ناتەواو، برسێتی، تابشتهێنانی سەرما و گەرما، ڕووداوی هاتوچۆ، نەخۆشکەوتن، ئەزموونی توندوتیژی، بوون بە قوربانی تاوان، گرتن و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەل، هەستکردن بە شەرمەزاری و سووکایەتی، بێبەشبوون لە شوێنە پارێزراوەکانی وەکوو قوتابخانە و داکۆکی بنەماڵە، یەک‌کەوتن لەگەڵ تاقم و گرووپە شەقامییەکان، فێربوونی هەڵسوکەوتی مەترسیدارانەی وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر و تاوانباری، نەخۆشی (هەناوی، ئێسک و ماسوولکەیی، پێستی وەکوو سالەک "لیشمانیا" و کەڕووی پێست، ڤایرۆسی وەکوو هپاتیت) و ڕفێنران بەتایبەت کچان ناسراون (قاسمی و دیگران 1397؛ وامقی و دیگران، 1390 و 1392).
ئەو منداڵانەی کە لە کەرتی کشتوکاڵ ئیش دەکەن بەتایبەت منداڵانی لادێیی لەبەر دەم مەترسی تەندروستی-دان، بەڵام بە هۆی ڕێژەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەم کەرتەدا ئیش دەکەن، تەمەنی کەمی دەست بە کاربوون، شوناسی مەترسیداری کار، نەبوونی ڕێسا، نەبینرانی کار، بێبەشبوون لە خوێندن، کاریگەرییەکانی هەژاری و ڕوانگەکان و بیر و باوەڕە نەرێتییەکانی سەبارەت بە کاری منداڵان لە ناوچە گوندییەکان وای کردووە کە بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان ئەستەم بێت. پرسە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی ئەم کەرتە بریتین لە: ماوەی درێژخایەنی کار، دژواری و تاقەتپڕووکێنی کار لە سۆنگەی جەستەییەوە، کارکردن لە بەر گەرمای زۆر و گەرمازۆیی، ئیش‌کردن بە ئامێری بڕینی مەترسیدار، ئەستووربوون و زیانبەرکەوتن بە هۆی بەربوونەوەی کەرەستە، کێشەی ئێسکەکان، لە جێ-چوون و جەڕخواردنی ماسوولکەکان، کێشراوی، نەخۆشییە پێستییەکان، بریندارբوون و کوژران بە هۆی کەرەستەی گواستنەوە، کەوتنە بەر دەنگی بڵیند کە زیان بە بیستن بگەیێنێ، کەوتنە بەر پەتاکوژە ژاراوییەکان و تەپ و تۆز، زیانبەرکەوتن، گەستنی مێرووەکان و نەخۆشی بە هۆی ئاژەڵەماڵی و دڕندەکانەوە (آرنولد و دیگران، 2020؛ مول و دیگران، 2005؛ هرست، 2007؛ میرکـزادە و دیگران، 1395). لێکەوتەکانی کارکردن لە کوورەخانەی درووس‌کردنی خشت بریتین لە نالەباری شوێنی ژیان-

کردن و دەستڕانەگەیشتن بە خزمەتگوزاری شاری، کارکردن لەبەر گەرما، نەبوونی و بێبەشبوون لە خزمەتگوزاری تەندروستی، خەسارەتی پێستی و جوولەیی و برینداربوون (صفی خانی، 1395 هەتاوی). منداڵان لە کارگەکاندا ڕووبەڕووی مادەی کیمیایی و فەلەجبوون، خەسارەتی جەستەیی و دەروونی، بەئەزموونکردنی توندوتیژی و چەوسانەوە دەبن و لە کارگەدا سنووردار دەبنەوە (وامقی و دیگران، 1392 هەتاوی). لە کاری زبڵگەڕیدا منداڵانی ڕووبەڕووی هەندێ پرسی وەکوو ماوەی کاری درێژخایەن، برینداربوون بە هۆی بەرکەوتن لەگەڵ کەرەستەی تیژ و بڕێنەر لە ناو زبڵدانەکان، بەرکەوتن لەگەڵ مادە نەخۆشیبەخشەکان، گواستنەوەی ڤایرۆسی هێپاتیت، نەخۆشییە پێستی و هەوکردنییەکان، خەسارەتە ماسوولکەییەکان، بەئەزموونکردنی توندوتیژی و بوون بە قوربانی تاوان، چەوسانەوە و هتد دەبنەوە (ئەنجومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵ، 1398). کاری دیکەی وەکوو کاری ماڵان، کارکردن لە کەرتی نافەرمی، بیناسازی و کانزاکانیش لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە تەندروستی منداڵان دەخەنە مەترسییەوە. هەندێ لێکەوتەی وەکوو وازهێنان لە خوێندن، ئاوێتەکردنی کار لەگەڵ خوێندن کە زەختی دووقات دەخاتە سەر منداڵان و بێبەشبوون لە یاری و هەڕەتی منداڵی لەو لێکەوتانەن کە لە هەموو کارەکاندا هاوبەش بوو (زەند ڕەزەوی و پوورئەنارەکی، 1390 هەتاوی؛ فیروزئابادی و ڕەزانیاکان 1393 هەتاوی؛ قاسمی و هاوکاران 1397 هەتاوی، لیائو و سانگ هونگ، 2010 زایینی).

## شێوازناسی

شێوازی ئەم لێکۆڵینەوە چۆنایەتییە کە لە ساڵی 1399 هەتاوی لە شاری تاران ئەنجام درا. ڕێکاری بەکارهێنراو تیوری بەستێنییە. کۆمەڵگەی بەرتوێژینەوە بریتی بوو لە سێ تاقمی منداڵان (318 کەس)، خاوەنکارەکان (17 کەس) و پسپۆڕانی بواری منداڵان واتە چالاکوانانی بواری منداڵان لە ئێنجیئۆکان، مامۆستایان و کارناسان لە وەزارەتی خۆشگوزەرانی و ڕێکخراوی بێهزیستی (چاکژیانەوە) (20 کەس). شێوازی نموونەهەڵگرتن ئاوێتەیەک لە نموونەهەڵگرتنی ئامانجدار و تۆپەڵە بەفری بوو. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا بریتی بوو لە دیمانەی نیوەپێکهاتوو، قووڵ و بینین. ئەنجامی دیمانە و بینین و تەنانەت شیکاری ئەنجامەکان لە لایەن گرووپی توێژینەوە ئەنجام درا کە بایەخی کارەکەی زیاد کردووە. بۆ شیکاری داتاکان شێوازی کۆدینگ (کراوە، تەوەری و بژاردەیی) بە کار هێنراوە. بە مەبەستی جێیباوەڕکردنی ئەنجامەکان، تاکەکان و شێوازی جیاواز بۆ کۆکردنەوە و شیکاری داتاکان بە کار هێنراوە، داتاکان لە ناو گرووپە جیاوازەکان کۆ کراوەتەوە، وتەزا هەژمارکراوەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوە لە لایەن گرووپی توێژینەوە و پسپۆڕانی بواری منداڵانەوە تاوتوێ کراوە بۆ ئەوەی هەم ئاستەکەی بەرز بێ و هەم لاگیرییە ئەگەرییەکەی کەم ببێتەوە.

## ئەنجامەکان

### تایبەتمەندییە حەشیمەتناسییەکان و هەندێ لە ئەنجامەکانی دیکە

ئەنجامەکان پیشان دەدا 84 لە سەدی منداڵان کوڕ و 16 لە سەد کچن، 1.02 لە سەد لە گرووپی تەمەنی 3 بۆ 7 ساڵان، 44.89 لە سەد لە گرووپی تەمەنی 8 بۆ 13 ساڵان و 54.08 لە سەد لە گرووپی تەمەنی 14 بۆ 17 ساڵانن. 3 لە سەدی منداڵانی کار خۆجێیین، 3 لە سەد قەرەج یان غەریبن، 18 لە سەد کۆچبەری ناوخۆیی و 76 لە سەد کۆچبەری بیانین. 40 لە سەدی کۆچبەرانی بیانی بە شێوەی یاسایی هاتوونەتە ناو ئێران و 60 لە سەد بە شێوەی نایاسایی هاتوون. خوێندەواری دایک و باوکی منداڵان بە ڕیز 61 و 66 لە سەد نەخوێندەوار، 19 و 17 لە سەدیان ئاستی خوێندەوارییان هەتا قۆناغی سەرەتایی، 12 و 9 لە سەدیان قۆناغی مامناوەندی، هەر دووکیان واتە 5 لە سەدی دایک و باوکەکان ئاستی خوێندەوارییان دواناوەندی و بڕوانامەی دوایی، 3 و 1 لە سەد ئاستی خوێندەوارییان کارناسی بوو و 2 لە سەدیان دایکیان خوێندەوارییان لە ئاستی خوێندەواری قورئانی بوو. هەندێ هۆکاری وەکوو نەبوونی داهاتی سەرپەرشتیاری بنەماڵە بریتییە

له نیشتەجێبوون له شار یان وڵاتێکی دیکه، لاکەوتەیی و خانەنشینی، مردن، نەخۆشی، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، زیندانیبوون، جیابوونەوە و بەجێهێشتن. 18 له سەدی منداڵان 4 بۆ 8 کاتژمێر له ڕۆژدا ئیش دەکەن، 55 له سەد 8 بۆ 12 کاتژمێر، 22 له سەد 12 بۆ 16 کاتژمێر و 5 له سەد 16 کاتژمێر و زیاتر. بڕی داهاتی ڕۆژانە بریتییە له 36 له سەد 10 بۆ 50 هەزار تمەن، 14 له سەد 51 بۆ 100 هەزار تمەن، 37 له سەد 101 بۆ 200 هەزار تمەن و 13 له سەد پتر له 200 هەزار تمەن له ڕۆژ. 45 له سەدی منداڵان ئازاری جەستەیی، 49 له سەدی ئازاری دەروونی و 6 ئازاری سێکسییان بەئەزموون کردبوو. 16 له سەدی منداڵان وتوویانە له درێژەی کاردا ناتوانن داوای پشوو بکەن و یان ناتوانن ئامادەی شوێنی کارەکە نەبن و شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵان لەگەڵ بنەماڵە یان خزم و کەس و کاریانە، 23 له سەد له ماڵی تاکەکەسی له دەرەوەی شوێنی کاردا دەمێننەوە و 9 له سەد له شوێنی کاردا نیشتەجێ دەبن.

جۆرەکانی کاری منداڵ: خشتەی ژێرەوە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی جۆری کاری منداڵ و لێکەوتەکانی پیشان دەدات. له ژێرەوە سەبارەت بە هەر کام لەم کارانە بە شێوەی پۆلێنبەندیکراو زیاتر ڕوونکردنەوە دەکەین:

کارکردن له کارگە: ئەم جۆرە کارگەیە هەندێ کاری جیاوازی وەکوو کارگەی بەرهەمهێنانی جانتا و پێڵاو و پۆشاک؛ جلوبەرگدوورین، فیتەری، لەحیمکاری و ئیشکردن له کارگەی شتە خەسارچووەکان، کارکردن له کارگەی دارتاشی و کارگەی بەرهەمهێنانی گوڵ له خۆ دەگرێت. ئامانج لەم چەشنە کارانە فێربوونی باشتری پیشە بۆ دەسخستنی پیشە و کار له داهاتووە؛ سەرباری ئەوەی منداڵان چاوەڕوانی داهاتیشیان لێی هەیە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە بنەماڵەکان منداڵەکانیان دەنێرن یان دەبەن بۆ ئەم کارانە کە فێری پیشە بن ئەوەیە کە خوێندن فێربوونی پیشە و دەسخستنی کاری لێ ناکەوێتەوە. منداڵان دەگێڕنەوە، "باوکم وتی بڕۆ فێری ئیشێک بە، خوێندن بە کەڵک نایە" و "پێم خۆشە فێری پیشەیەک بم، گەورە بم، ناکرێ هەمیشە له سەر چواڕییانەکان بم". هەندێ له منداڵانیش حەزیان له فێربوونی هەندێ توانای وەکوو فیتەری بوو. پەیوەندی کار لەم چەشنە کارانەدا زیاتر له جۆری خاوەنکاری و خزمایەتییە. لەم کارانەدا له زۆربەی حاڵەتەکاندا منداڵان توندوتیژی بێژەیی و تەنانەت جەستەیی بە مەبەستی فێربوونی پیشە له لایەن خاوەنکارەکانیان بەئەزموون دەکەن. هەروەها له زۆربەی کارەکاندا منداڵان هەموو ڕۆژانی حەفتە تەنانەت ڕۆژانی هەینی ئیش دەکەن کە ئەمە هیچ هەلێک بۆ منداڵ ناهێڵێتەوە. لەم کارگەیانەدا بوونی منداڵانی کۆچبەر له ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی ئێراندا زۆر پەرەی سەندووە کە زۆر جار شەو له ناو ئەم کارگایانەدا ڕۆژ دەکەنەوە. بە بڕوای هەندێ له کارناسان کارکردنی منداڵان له کارگەکان له چاو کارکردن له سەر شەقام دژوارترە و لێکەوتەی زیانبەخشی زیاتری بە دواوەیە وەکوو نەبوونی چاودێری، ڕچاونەکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، زیانمەندبوون و کەمئەندامبوون، وەڵامنەدانەوەی خاوەنکار، مووچەی زۆر کەم، کەڵکاوەژۆیی و چەوساندنەوە، نەبوونی مافی ناڕەزایەتی، نەبوونی ئازادی بۆ دیاری-کردنی کاتی دەستپێکی کار و کاتی کۆتاییهێنانی کار، ماوەی درێژخایەنی کار، نەبوونی کاتی پشوو و ڕابواردن و سەرقاڵی، بینینی کۆمەڵە هەڵسوکەوتی بێرەوشتانەی خاوەنکار و دیکەی هاوڕێکانی وەکوو گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، خواردنەوەی کحوڵەکان، پەیوەندیی سێکسی نایاسایی، قاچاغ، لاوازکردنی هەستی متمانەبەخۆیی منداڵان، ئەزموونی ئازار و دەسدرێژییەکان، نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و خەڵک. یەکێک له چالاکوانانی بواری منداڵان له ئێنجیئۆکاندا وتوویەتی: "من وام پێ باشە منداڵ له سەر چوارڕیانەکاندا ئیش بکا تا له کارگە، له کارگەدا ئەو منداڵانەی کە له ئاست خاوەنکار متمانەیان بە خۆیان نییە و خاوەنکار بەمە دەزانێ، و تەنانەت بنەماڵەکەشی کرێکاری ئەم خاوەنکارەن، کاتێک منداڵ تووشی

کێشە دەبێ وادەزانێ خاوەنکار ئێستا دەچێتە لای دایک یان باوکی و دەیگێڕێتەوە بەڵام ئەمە لە چوارڕیانەکاندا ڕوو نادات". یەکێکی دیکە لە شارەزایان دەڵێ: "لە شەقامدا منداڵ ئازادە بۆ پارە و بۆ هاتوچۆکەی، منداڵ لە کارگەدا ژێرچەپۆک و بەستەزمانە و ئاستی متمانەبەخۆییەکەی کەمە. بەڵام لە سەر شەقام متمانەی بە خۆی زیاترە و لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندیدایە بەڵام لە کارگە هیچی بۆ ناوترێت."

خشتەی ژمارە 1. جۆرە تاوتوێ کراوەکانی کاری منداڵان، تایبەتمەندی و لێکەوتەکانی

| جۆری کار | کارگەی بەرهەمهێنان (جانتا و پێڵاو و پۆشاک و هتد) | فیتەری |
|---|---|---|
| ئەرکەکان | بەردەست، ناوەڕاستکاری، بڕین، قاڵبسازیی نەخش و نیگار، دروومان، دوگمەلێدان، بەرگدووری، چەکووچ لێدان، چەسپ لێدان | چاککردنەوەی پارچە جۆراوجۆرەکان، شتنی پارچەکان، گۆڕینی ڕۆن، خاوێنکردنەوەی دوکان، هێنانی پارچە لە دوکانەکانی دیکە و هتد. |
| پەیوەندیی کار | ئیشکردن لە چوارچێوەی تۆڕی خزمایەتی و پەیوەندیی خاوەنکاری[1] | ئیشکردن لە چوارچێوەی تۆڕی خزمایەتی و پەیوەندیی خاوەنکاری |
| کاتژمێری کار | 12 | 12 |
| ئێتنیک | ئێرانی و ئەفغانی بە زۆرینە ئێرانی | ئێرانی و ئەفغانی |
| ڕەگەز | زیاتر کوڕ | کوڕ |
| لێکەوتەکان | کارکردن لە کاتە نائاساییەکان، ئیشکردن بە مادەی کیمیایی و گڕگر، برینداربوونی دەست و قاچ لە کاتی ئیشکردن بە مەکینە و کەرەسەکانی کار، هەڵمژینی مادەی کیمیایی و خووگرتن بەم مادە کیمیاییانە، گواستنەوەی باری قورس، بەئەزموونکردنی ئازار، ڕفتاری مەترسیدار، بینینی ڕفتاری ناعورفانە لە شوێنی کار وەکوو سێکسکردن و کێشانی مادە هۆشبەرەکان. | کەوتنە بەر مۆنۆکسایدی کاربۆن، بەنزین، ژاوە ژاو، سووتمان، زیانبەرکەوتن، بەئەزموونکردنی توندوتیژی، کارکردن لە شوێنی سارد و گەرم، ماوەی دوور و درێژی کار و ماندوویێتیی لە ڕادەبەدەر و نەبوونی ماوەی پشوو. |
| شوێن | گەڕەکە ناوەندییەکانی شار | فەرەحزاد، ئازادی، بەشی باشووریی شار |

[1] - مەبەست لە کارکردن لە چوارچێوەی تۆڕی خزمایەتی ئەمەیە کە منداڵان بە هۆی تۆڕی خزمەکانیانەوە دەچنە ناو پرۆسەی کارەوە و ئەمە پەیوەندی ئەم تۆڕەیە کە تایبەتمەندییەکانی کار وەکوو بڕی مووچە و شێوازی پێدانەکەی دیاری دەکات. کار لە چوارچێوەی پەیوەندییە خاوەنکارییەکان بەم جۆرەیە کە پەیوەندی نێوان منداڵ و خاوەنکار بە شێوەی فەرمی یان نافەرمی لە لایەن خۆیانەوە و لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا بە بەشداری دایک و باوکی منداڵان دیاری دەکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| کوورەخانەی خشتپێژی | بارهەڵگری | لەحیمکاری و کارکردن لە کەرتی خەسارچووەکان |
| بەرهەمهێنانی خشت و بەئەنبارکردنیان | گواستنەوە بە داشقە | لەحیمکردن، برینی پارچەکان، گواستنەوە و هەڵگرتنی بار، جیاکردنەوەی شتە خەسارچووەکان |
| خزمایەتی و خاوەنکاری | پەیوەندیی خاوەنکاری و ڕێکخراو[1] | ئیشکردن لە چوارچێوەی تۆڕی خزمایەتی و پەیوەندیی خاوەنکاری |
| 11 | 10 | 12 |
| ئێرانی و ئەفغانستانی | ئێرانی و ئەفغانی | ئێرانی، ئەفغانی بە زۆرینەی ئێرانی |
| کوڕ و کچ | کوڕ | کوڕ |
| کار لە بەر خۆر و ژینگەی گەرم، بریندابوونی دەست، زیانمەندبوون، ژیان لە شوێنێکی نالەبار و بێخزمەتگوزاری و خۆراکی خراپ. | گواستنەوەی باری قورس، بەئەزموونکردنی توندوتیژی، کارکردن لە شوێنە قەرەباڵغەکان، پیادەڕەوی زۆر، هەستکردن بە ئازاری ماسوولکەکان، زیانبەرکەوتنی ئێسکەکان، تێکهەڵچوونی منداڵان پێکەوە، شەڕ لەگەڵ شارۆمەندان، ئیشکردن لە گەرما و سەرما | کاری تاقەتپڕووکێن، زیانبەرکەوتنی چاو و گوێ، کارکردن لە شوێنی زۆر گەرم و پڕدەنگە دەنگ، ژیان و کارکردن لە شوێنە کونجڕ و پیسەکان، ئیشکردن بە مەکینە، سووتمان، زیانبەرکەوتن و شکان، کێشەی هەناسەکێشان و سییەکان بە هۆی بوونی گازی ژاراوی لە لەحیمی ئەلیکترۆنی و کێشە ئارتۆپێدی لە بڕبڕەی پشت بە هۆی شێوازی دانیشتن |
| شەمساباد و باشووری تاران | بازاڕی تاران | خەلازیر، ئەتابەک و ... |

[1] - لە پەیوەندی ڕێکخراودا لەو دیو پەیوەندی منداڵ و خاوەنکار، ڕێکخراوێکی چاودێر بوونی هەیە کە بەشێک لە پەیوەندییەکانی کار ڕێک دەخات. بۆ وێنە لە تەرەبارەکاندا ئەم ڕێکخراوانە مەیدانی میوە و تەرەبارە کە شێوازی ڕووماڵکردن، ماوەی کار، ڕۆژانی پشوو و هتد لە کاردا دیاری دەکەن. بە گشتی ئەو کارانەی کە لێک دراونەتەوە هەمیشە ئاوێتەیەک لەم پەیوەندییانە بوونی هەبوو. بۆ وێنە هەر لەم مەیدانی میوە و تەرەبارەدا منداڵ لەوانەیە بە هۆی تۆڕی خزمایەتییەکەیانەوە یان خۆیان بچنە ناو پرۆسەی کارەوە بەڵام بە شێوەی هاوکات ئەوە پەیوەندی خزمایەتی، خاوەنکاری و ڕێکخراوی چاودێر کار دیار دەکەن. لە هەندێ کاری وەکوو بەردەستی دووکان تەنیا لەوانەیە یەکێک لە پەیوەندییەکان بوونی هەبێت، لەم نموونەدا پەیوەندی خاوەنکاری بوونی هەیە.

| | |
|---|---|
| کارگەی بەرهەمهێنانی گوڵ | کشتوکاڵ |
| گواستنەوەی بار، گواستنەوە بە داشقە لەوانە باری مشتەرییەکان، چاودێری کردنی گوڵەکان، خاوێنکردنەوەی شوێنی کار و دوکانەکان. | چاندن و چنینەوەی بەروبووم، بژار، بەستەبەندی، ژارپرژێنی، ئاودێری و گواستنەوە |
| کارکردن لە چوارچێوەی تۆڕە خزمایەتییەکان، پەیوەندیی خاوەنکاری و ڕێکخراوەیی | خزمایەتی و خاوەنکاری |
| 10 | 11 |
| ئەفغانستانی | ئێرانی و ئەفغانستانی و پاکستانی |
| کوڕ | کوڕ و کچ |
| کارکردن لە کاتە نائاساییەکان، کەمخەوی، ئیشکردن لە شوێنە قەرەباڵغەکان، ژیانکردن لە شوێنە گشتییە پڕ لە دەنگە دەنگەکان و نەبوونی پشووی پێویست | کارکردن لە سەرما و گەرما، برینداربوون، کەوتنە بەر مادەی ژاراوی و پیساو، ماوەی دوو و درێژی کارکردن، کاری فیزیایی تاقەتپڕووکێن، پشت ئێشە، کارکردن لە ناو تەپ و تۆز و هەندێجار تێکەڵ بە قوڕ و چڵپاو، تاوانگەستن، ئەزیەت و ئازاری مێروو، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەندێ ئاژەڵی مەترسیدار، گواستنەوەی باری قورس، ئازار، دەستڕانەگەیشتن بە خزمەتگوزاری و ئیمکانیاتی تەندروستی. |
| مەحەلاتی و خاوەران | گەڕەکە باشوورییەکان و ڕۆژاوای تاران |

| کار لە سەر شەقام | زبڵگەڕی |
|---|---|
| فرۆشتنی کاڵا، خزمەتگوزاری و سواڵکردن | جیاکردنەوەی زبڵ لە ناو زبڵدان و جیاکردنەوەیان لە کاتی کار یان لە شوێنی زبڵ |
| خۆخاوەنکاری (نەبوونی پەیوەندیی کاری) | کارکردن لە چوارچێوەی تۆڕە خزمایەتییەکان، پەیوەندیی خاوەنکاری و ڕێکخراوەیی |
| 8 | 14 |
| ئێرانی و ئەفغانستان و پاکستانی | زۆربەیان ئەفغانستانی |
| کوڕ و کچ | کوڕ و کچ |
| پیادەڕەویی دوور و درێژ و لە سەر پا ڕاوەستان و بە هۆیەوە ماندوویێتیی لە ڕادەبەدەر، بەئەزموونکردنی توندوتیژی، پێکداهەڵچوون، ڕووداوی هاتوچۆ و برینداربوون، بەدخۆراکی و خۆراکی نەگونجاو، فێربوونی ڕفتاری مەترسیدار و بینینی ڕفتاری بێڕەوشتانە، گیرانی کەلوپەل و کۆکردنەوەیان، کارکردن لە بەر گەرما و سەرما، هەڵمژینی هەوای پیس، بوون بە قوربانیی تاوان، هەستکردن بە شەرمەزاری و سووکایەتی. | برانی دەست بە هۆی زبڵە تیژ و بڕێنەرەکان، کەوتنە بەر مادەی مەترسیداری وەکوو مادە خەسارچووەکانی نەخۆشخانە، مێرووەکان، هەندێ نەخۆشیی وەکوو هێپاتیت، ئایدز، کێشەی ئێسکلێتی و ئۆرتۆپێدی، مەرگ، بەدخۆراکی، بەئەزموونکردنی توندوتیژی، قوربانیی تاوانبوون، هەڵمژینی بۆگەنی زبڵ و زبڵدان، شوێنی نیشتەجێبوون و خەونی نائارام و ناتەندروست، نەبوونی خزمەتگوزاریی شاری و خۆراکی خراپ. |
| زیاتر لە گەڕەکە باکوورییەکانی شاری تاران | هەموو ناوچە شارییەکان وەکوو ناوەندەکانی ڕیسایکڵین و قووڵکەی جیاکردنەوەی زبڵ |

| شاگردیی سووپەر مارکێت و دیکەی دوکانەکان | کاری ماڵان | کارکردن لە مەیدانەکانی میوە و تەڕەبار |
| --- | --- | --- |
| دانانی قەفەزەکان، هەڵگرتن و گواستنەوەی کار، پێڕاگەیشتن بە مشتەری و کارکردن وەک پەیک | خاوێنکردنەوەی ماڵ، چاودێریکردنی بەساڵاچووان و منداڵان و ساوایان، کڕین، چێشتلێنان، بەستەبەندی، وردکردنی سەوزە و هتد. | داگرتنی بار، خاوێنکردنەوەی میوە و سەوزە، ڕیزکردنیان، فرۆشتنی میوە و سەوزە بە مشتەری و خاوێنکردنەوەی شوێنی کار |
| تۆڕی خزمایەتی و پەیوەندیی خاوەنکاری | تۆڕە خزمایەتییەکان و پەیوەندیی خاوەنکاری | کارکردن لە چوارچێوەی تۆڕە خزمایەتییەکان، پەیوەندیی خاوەنکاری و ڕێکخراو |
| 13 | - | 13 |
| ئێرانی و ئەفغانستانی | ئێرانی و زۆرینەی ئێرانی و ئەفغانی | ئێرانی بە زۆرینە کورد |
| کوڕ | زیاتر کچان | کوڕ |
| درێژخایەنی ماوەی ئیشکردن و تاقەتپڕووکێنیی کار، نەبوونی خەو و پشووی تەواو، گواستنەوەی باری زۆر و قورس و لە هەندێ حاڵەتدا کارکردن بە دوور لە بنەماڵە و خەوتن لە ناو دوکان. | ئەنجامدانی کاری زۆر، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، کاری درێژخایەن و تاقەتپڕووکێنەر، هەڵگرتنی باری قورس، دەستدانە کەرەسەی مەترسیداری وەکوو چەقۆ، مەنجەڵی داغ، تەور و داس، شوێنی ژیان و خۆراکی ناتەواو و ناتەندروست، ڕفتاری سووکانە و بێڕێزیکردن وەکوو ئازاری جەستەیی، وتەیی و سێکسی. | کەمخەوی، ژیانکردن لە نووستنگەی گشتی و نەبوونی شوێنی خەو و پشووی پێویست، کەوتنە بەر ڕفتاری زیانبەخش، بێڕێزی، ژیانی بە دوور لە بنەماڵە، کارکردن لە کاتە نائاساییەکان، گواستنەوەی باری قورس، هەڵمژینی تەپ و تۆز، برینی دەست بە هۆی ئیشکردن بە کەرەسەکان، هەستکردن بە ماندوێتیی زۆر، فێربوونی هەندێ ڕفتاری مەترسیداری وەکوو بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و خواردنەوە کحولییەکان یان سێکسکردنی مەترسیداری دیتران لە شوێنی کار و بەئەزموونکردنی توندوتیژی |
| هەموو گەڕەکەکانی شار | هەموو گەڕەکەکانی شار | هەموو گەڕەکەکانی شار |

| | | |
|---|---|---|
| کار لە کارگە بلوورسازییەکان | کار لە کارگە دارتاشییەکان | کار لە کارواش |
| بەستەبەندیی بلوورەکان و گواستنەوە و هەڵگرتنیان | گواستنەوەی بار وەکوو ئاڵودار، بڕینی ئاڵودار، بزمار و چەسپلێدان، بردنە کۆگا، گواستنەوەی ئاڵودارەکان | شتنی ئۆتۆمبێلەکان، خاوێنکردنەوەی کارگە و گواستنەوەی بار |
| تۆڕی خزمایەتی و پەیوەندیی خاوەنکاری | پەیوەندیی خاوەنکاری | پەیوەندیی خاوەنکاری |
| 10 | 12 | 13 |
| ئێرانی و ئەفغانستانی | ئێرانی و ئەفغانستانی | ئێرانی و ئەفغانستانی |
| کوڕ | کوڕ | کوڕ |
| کارکردن لە شوێنی گەرم، گەرماژۆیی، کێشەی هەناسەدان، ئەگەری سووتان | زیانبەرکەوتن، گواستنەوەی باری قورس، هەڵمژینی خاکەمڕمەندەکان، کێشەی هەناسەدان و خۆراکی نەگونجاو. | کارکردن لە بەر سەرما و گەرما، کارکردن بە مادە پاککەرەوەکان و کێشەی هەناسەدان و نەخۆشیی پێستی، بەئەزموونکردنی توندوتیژی، پێنەدانی حەقدەست، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و خەوی تەواو |
| باشووری شاری وەکوو خێراباد و ئیسلامشار و سێرای وەرامین | وەکوو مورتەزاگەرد، شووش و فەرەحزاد | هەموو گەڕەکەکانی شار |

**کشتوکاڵ**: کارکردنی منداڵان لەم بەشەدا زیاتر بە شێوەی وەرزانەیە و بە پێی وەرز کار هەیە کە زۆربەی کارەکان دەکەوێتە هاوین، پاییز و بەهار. ئامانجی هاتنی منداڵان بۆ ناو ئەم کارە دەسخستنی داهاتە. منداڵان یان لە چوارچێوەی تاقمی هاوڕێیانە و یان خزمایەتییانە دەچنە سەر کار کە هەر ئەمانە سەرچاوەی پاڵپشتییانە. لە وەرزی کاردا شوێنی نیشتەجێبوونی زۆربەیان کەپرە دەستکردەکانی ناو کێڵگەکانە کە لە پێداویستی سەرەتایی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری بێبەرین کە ئەمە تووشی زیانی جەستەییان دەکات. کارکردن لە هەموو ڕۆژانی حەفتەدا، کاتژمێری کاری درێژخایەن لە درێژەی ڕۆژدا، کاری

قورس و تاقەتپڕووکێن وێڕای کارکردن لە بەر گەرما لە گرینگترین کێشەکانی ئەم کارەیە. یەکێک لە منداڵەکان دەگێڕێتەوە: "ئیتر دژوارییەکەی ئەوەیە کە دەبێ هەر لەبەر هەتاو کار بکەی، هەوا گەرمە، مێشوولە ئازارم دەدات". لە وەرزەکانی دیکەدا کە ڕێژەی کار و پێویستی بە هێزی کار کەم دەبێتەوە منداڵان گونجاوە بچنە ناو کاری دیکەی وەکوو زبڵگەڕییەوە. هەروەها دەبێ بڵێین بەو پێیەی کە کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە شارەوە دوورن، ئەم تاقمە منداڵانە لە ڕەوتی سەرەکی کۆمەڵگا، خوێندن، خزمەتگوزاری ئێن‌جی‌ئۆکان و زۆرێک لە پێداویستیەکانی خۆشگوزەرانی و شاری بە دوورن.[1]

**کار لە شەقام:** منداڵی سەر شەقام لایەنێکی جیاواز لە کاری وەکوو گوڵفرۆشی، سواڵکەری، دەسفرۆشی، قانگسووتاندن، کێشاندن، ژەنیاری، خاوێنکردنەوەی شووشەی ئۆتۆمبێل، سەوزەفرۆشی، فاڵگرتنەوە، بارهەڵگری و هتد ئەنجام دەدەن. منداڵان هەر لە تەمەنی زۆر کەمەوە لە هەندێ حاڵەتدا لە تەمەنی 4 ساڵانەوە دەست دەدەنە ئەم چەشنە ئیشانە. ئەوان بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان یان هاوڕێکانیانەوە کار دەکەن. بە هۆی ئەوەی منداڵان باشتر دەتوانن هەستی بەزەییهاتنەوەی خەڵک ببزوێنن و داهاتی زیاتر وەدەست بێنن، دایک و باوک پاڵنەری زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بۆ ئەم کارانە بە کار بێنن. مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم کارانە دەسخستنی داهاتە. لە هەندێ حاڵەتدا دایک و باوک لەوانەیە لە سەر شەقام، بە مەودای کەمەوە چاودێری لە منداڵەکانیان بکەن. بوونی منداڵانی ئەفغانی و قەرەجەکان لە کاری سەر شەقامدا زۆر بەرچاوە. ئەوان هەندێ لە پانتاکانی شاریان بۆ وێنە چوارڕیانێکی تایبەت وەک مەڵبەندی خۆیان دیاری دەکەن و ڕێگری لە هاتنی کەسانی دیکە بۆ ناو ئەو بازنە دەکەن هەر بۆیە بە نیازی پاراستنی ئەم مەڵبەندە زۆر جار لە نێوان منداڵەکان گرژی و ناکۆکی ساز دەبێت. لە هەندێ حاڵەتدا هاتن بۆ ناو ئەو بازنە بە مەرجی پێدانی پارەیە. یەکێک لە منداڵەکان گێڕایەوە: "... ئەمان دەڵێن ئێمە دە ساڵە لێرە ئیشمان کردووە، ئەمە چوارڕیانی ئێمەیە، من دەڵێم باشە کوا بەڵگەتان، ئیتر لەبەر ئەوە ڕۆژێک بوو بە شەڕمان". ئەزموونی ژیاو لە سەر شەقامدا منداڵانی فێری زانستی جۆرناسی کڕیارەکان، شێوازی وورووژاندنی هەستی بەزەیی کڕیارەکان و لە خۆ بەرگریکردن لە هەمبەر مەترسییەکانی کار کردووە. ئەم تاقمە منداڵانە کە وەبەر گەلاڵەی ڕێکخستن دەکەون زۆریان ئەزموونی گرتن و کۆکردنەوەیان بووە. لەم کارانەدا منداڵان هەر وەکوو چۆن لە تەمەنی کەمدا دێنە ناو پرۆسەی کارەوە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن دەبێ لە ڕەوتی کار بچنە دەرەوە چونکە چیتر ناتوانن هەستی بەزەیی و سەرنجی شارۆمەندان بە نیازی دەسخستنی داهات ببزوێنن.

**کار لە گۆڕەپانی میوە و تەڕەبار (عەلوە):** ئەو منداڵانەی کە لەم چەشنە کارانەدا ئیش دەکەن زۆربەیان کۆچبەرانی ئێرانن و بە دوور لە بنەماڵە یان لەگەڵ یەکێکیان لەم گۆڕەپانانەدا ئیش دەکەن. لەم گۆڕەپانانەدا شێوازی کار بە تەواوەتی ڕێک خراوە و لە ژێر چاودێری ناوەندی گۆڕەپانی میوە و تەڕەباری شارەوانی تاران ئەنجام دەدرێت. ئەوان ڕۆژانە بە شێوەی فەرمی دەبێ کار بکەن و نزیکەی چوار کاتژمێریش بە شێوەی نافەرمی ئیش دەکەن، بۆ وێنە شەوانە لە مەودای جیاجیادا بارەکان دادەگرن، یەکێک لە منداڵەکان گێڕایەوە: "تەڕەبار بۆ کار کاتژمێری تایبەتی نییە"، واتە دەبێ چەندین کاتژمێر ئیش بکەن. مووچەی

[1] - ئەم بابەتە ئەو منداڵانەی کە لە کوورەخانەی خشتپێژی و کاری زبڵگەڕی و هەندێ کاری دیکە دەکەن، دەگرێتەوە.

منداڵەکان بە شێوەی حەفتانە دیاری دەکرێ کە زۆربەیان حەفتەیەک 800 هەزار تمەنە، هەڵبەت کاتێک کە بیانهەوێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان یان پێویستیان بە پارە بێ داوای ئەو بڕە پارە لە خاوەنکارەکەیان دەکەن. لە ڕۆژانی بێکاری و پشوو مووچەیان پێ نادرێت. کارەکانیان لە ژێر چاودێری چاودێرانی گۆڕە-پانەکانی تەڕەبار بوو و ئەگەر هەڵەیەکیان لێ بووەشێتەوە، بۆ وێنە هەڵسوکەوتی شیاویان لەگەڵ کڕیار نەبێ، جلوبەرگی فەرمی لەبەر نەکەن، میوە و دیکەی خواردەمەنییە خراپەکان لە ناو پاڵێتی میوەدا بەدی بکرێ، چاودێران هەڵسوکەوتی ناشیرینیان لەگەڵ دەکەن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێکەڵ بە سووکایەتییە. هەموو منداڵەکان بە چاوی کاری کاتییەوە لەم کارە دەڕوانن، هەڵبەت هەندێکیان لەوانەیە هەر لەم پیشەدا بمێننەوە و لە داهاتوودا هۆدەیەک بە کرێ بگرن و ببنە میوەفرۆش.

**زبڵگەڕی:** ئەو منداڵانەی کە زبڵگەڕی دەکەن زۆربەیان کۆچبەرە ئەفغانییەکانن، هەڵبەت هەندێکیان منداڵانی ئێرانی ئێتنیکە جیاوازەکانن کە لەم بوارەدا ئیش دەکەن. شارەوانی تاران ئەرکی کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی زبڵە وشکەکانی گەڕەکەکانی تارانی خستۆتە ئەستۆی پەیمانکاران. پەیمانکاریش لەوانەیە خۆی چاودێری زبڵەکان بکا یان لە میکانیزمی دیکەدا بیخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە، وەکوو خستنە ئەستۆی ئەو ئەفغانییانەی کە پێیان دەڵێن "ئەرباب"، "سەرگوورد" یان "سەرگاراژ". بۆ وەدەستهێنانی قازانجی زێدەتر، خاوەنکارەکان دابەشکردنی زبڵەکانیان بە سەر هەر دوو تاقی بەیانی و شەو دابەش کردووە؛ لە تاقی بەیانیدا زۆرینەی ئەو کەسانە زبڵەکان کۆ دەکەنەوە کە لە بەشی پاشماوەی گەڕەکە 22ـەکانی شاردا ئیش دەکەن و لە ژێر چاودێری شارەوانی گەڕەکدان؛ کەواتە لەم تاقەدا منداڵان کەمتر بە کار دەهێنرێن. لە بەشی دوانیوەڕواندا زیاتر منداڵان خەریکی کۆکردنەوەی زبڵن، ئەوان نزیکەی کاتژمێر چواری پاش-نیوەڕۆ دەست بە کار دەبن و هەتا نزیکەی کاتژمێر دوازدەی شەو و تەنانەت زیاتر لەوە کار دەکەن، هەندێکیان بە شێوەی مانگانە بڕە پارەیەک لە ژێر ناوی "ڕسووم" دەدەن بە خاوەنکار بۆ ئەوەی ڕێگە بدا کە لە گەڕەک کار بکەن و هەندێکی دیکەیان ناچارن بە نرخێکی دیاریکراو زبڵەکان بە خاوەنکار بفرۆشن کە ئەم نرخە یەکجار کەمە. بۆ ئەو کەسانەی کە لەم کەرتەدا کار دەکەن کارتی چالاکییان بۆ دەردەکرێ و وێنەکەیان لە سەر موبایلی پشکنەرەکانی خاوەن کار پاشەکەوت دەکرێ بۆ ئەوەی چاودێری بکرێن و کەسێک بە شێوەی بێمۆڵەت بە نیازی کار نەیەتە ناو ئەم بوارەوە. یەکێک لە منداڵانی زبڵگەڕ سەبارەت بە شێوازی هاتنیان بۆ ناو ئەم گەڕەکانە وتی: "ئێمە لێرە ڕسووم دەدەین؛ مانگێ سێ ملیۆن دەدەین بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن ئیش بکەین. ئەگەر ڕسووم نەدەین، ئەوان دێن دەگەڕێن، بزانن کێ پارەی نەداوە دەیگرن و لێی دەدەن"، هەر بۆیە منداڵان لەم جۆرە کارەدا توندوتیژی زیاتر بەئەزموون دەکەن. ئامرازی کاری منداڵان لەم جۆرە کارەدا کەتفی (جۆرە تەلیسێک بۆ گواستنەوەی زبڵ) و داشقەیە. شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم کەسانە لە شوێنی جیاکردنەوەی زبڵ لە ناوچە باشووری و باشووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی شاری تارانە. ئەوان بۆ کۆکردنەوەی زبڵ بەو کامیۆنانەی کە بە کرێیان گرتووە لەم ناوچانەوە دەچنە ناو شاری تاران و پاش کۆتاییهاتنی کاتی کار، هەر بەو زبڵانەوە دەگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان.

**بەردەستی دووکانە گەورەکان و دیکەی دوکانەکان:** منداڵانی ئەفغانستانی و تورک زیاتر لەم چەشنە کارانەدا بوونیان هەیە. لە دووکانە گەورەکاندا هەر لە بەیانییەوە هەتا نزیکەی یازدەی شەو کار بەردەوامە. هەندێجار شوێنی نیشتەجێبوونی هەندێ لەم منداڵانە ناو دووکانەکانە و هەمیشە لەبەر دەستی خاوەنکارەکانیانن کە کاریان پێ بکەن. منداڵان لە بەشێکی دیکەی دووکانەکاندا وەکوو کەرەسەی یەدەک-

فرۆشی، خۆراکفرۆشی و ڕێستورانت، قەسابی و مریشکفرۆشی، جلوبەرگفرۆشی، کارواش و شیرینیخانەکاندا ئیش دەکەن. کارەکەیان بە شێوەی کاتی و نیوتاق و یان تەواوە و بە پێی ئەوە پارە وەردەگرن. منداڵان لەم کارەدا هەموو ڕۆژانی حەفتە و ڕۆژانی پشوو ئیش دەکەن. لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا منداڵان هاوشێوەی کارکردن لە کارواش هیچ پارەیەک وەرناگرن و خاوەنکار تەنیا شوێنی نووستنیان پێ دەدا و داهاتەکەیان لە بەردەستی کڕیارەکان دابین دەبێت. منداڵێکی گێڕایەوە: "لێرە بەردەستیانە وەردەگرم، لێرە مووچەم نییە."

کوورەخانەی درووست کردنی خشت: ئەم کوورەخانانە زیاتر دەکەونە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای تاران. کارکردن لەم کورانەدا زیاتر بە شێوەی خێزانییە و منداڵەکان لە پاڵ بنەماڵەکانیان ئیش دەکەن. ئەمە وای کردووە منداڵان هیچ دەسەڵاتێکیان بە سەر داهاتیاندا نەبێ و خاوەنکار ڕاستەوخۆ پارەکەیان بدا بە سەرپەرشتی بنەماڵە یان باوکیان. منداڵێک لە وڵامی پرسیارێک سەبارەت بە مووچەکەی وتی: "من مووچەی خۆم وەرناگرم، دەدرێ بە باوکم، باوکم بۆماڵی خەرج دەکات." کاتژمێری کارکردن لەم کوورەخانانەدا یەکجار زۆرە. منداڵان هەندێ جار ناچارن بەیانیان زوو لە خەو هەستن و هەتا ئێوارە لەم کوورەخانانە ئیش بکەن. کارکردن لە کوورەخانە لە وەرزی هاوین زیاتر باوە و لە وەرزەکانی دیکەدا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە شارەکانی دیکە. هەڵبەت شوێنی مانەوەی هەندێ لە بنەماڵەکان لە ناو ئەم کوورەخانانەیە. ئەم کوورەخانانە زیاتر لە دەرەوەی شارن و ئەو کەسانەی کە لەم کوورەخانانە ئیش دەکەن پەیوەندییەکی یەکجار کەمیان لەگەڵ کۆمەڵگای شاری هەیە. هەر بۆیە ئەو مەودایەی کە ئەوان لەگەڵ شار هەیانە بۆتە هۆی تارێنراوی ئەم کەسانە. بە هۆی دەستڕانەگەیشتن بە قوتابخانە و نەبوونی ئێنجیئۆ لەم ناوچانەدا، زۆربەی ئەم منداڵانە لە خوێندن بێبەش دەبن و یان هەندێجار بە نیازی خوێندن دەچنە گوند یان شارەکانی دەوروبەر کە بە هۆی ئەو تێچوو و دژوارییەی کە هەیەتی، ڕێژەی ئەم منداڵانە کەمە.

**کارگەی بلوورسازی:** زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەم بەشەدا کار دەکەن کۆچبەرانن کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان ژیان دەکەن. کارکردنی کچانیش لەم بازاڕەدا باوە. بە پێی یاساکانی کار، کاری منداڵانی ژێر تەمەن 15 ساڵان لەم کارگەیانەدا قەدەغەیە، بەڵام زۆرینەی ئەم کارگایانە لە ڕێگەی کامێرای چاودێری کۆنترۆڵ دەکرێ و ئەو کاتەی کە چاودێرانی کار دێن بۆ سەردانی ئەم کارگایانە، کاربەدەستەکانی خاوەنکار لە دە-رگاکانی خاوەنکارەکان لە پێدانی مووچەی منداڵەکان خۆ دەبوێرن و منداڵانیش واز لە ئیشەکە دێنن. منداڵێک سەبارەت بە کارکردن لەم کارگەیە وتبووی: "شتەکە لە سەر تێلەکانە، من دەچم دەیخەمە ناو کوورەوە، دەیهێنم، وریام، خێرا هەڵیدەگرم کە نەکا دەستم بسووتێ، بەڵام جارێک سووتا."

**کاری ماڵان:** منداڵان یان کرێکارانی کاری ماڵ ئەو منداڵانەن کە لە ماڵی خەڵکدا ئیش دەکەن. هەندێ لە منداڵان لەوانەیە لە ماڵی خۆیاندا کار بکەن. ئەو کارانەی کە منداڵ ئەنجامی دەدا بریتییە لە: کاری ڕۆژانەی ناوماڵ، چێشتلێنان، خاوێنکردنەوە و شتن، چاودێریکردنی منداڵانی خاوەنکار و هاوڕێیەتیکردنیان بۆ چوونە قوتابخانە، چاودێری گەورەساڵان و کەسانی لاکەوتە، باخەوانی و هاوکاریکردنی خاوەنکارەکان لە بەڕێوبردنی کارە ئاساییەکان. ئەو کارانەی کە منداڵ لە ماڵی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن بریتین لە: وردکردنی سەوزە و خاوێنکردنەوەی، تەونکردن، چنینی هەندێ شتی وەکوو گۆرەوی، جوانکاری خشڵ و زەنبەر لە سەر شتەکانی دیکەی وەکوو کۆتاڵ و هتد. هەندێ لە منداڵان لەوانەیە لەگەڵ دایک و باوکی خۆیان بچن بۆ

ماڵانی دیکه و کاری وەکوو خاوێنکردنەوەی ماڵ ئەنجام بدەن، منداڵێک لەم بارەوە دەڵێ: "لەگەڵ دایکم دەچم بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵان؛ دایکم زەوی خاوێن دەکاتەوە، منیش دەچم قاپ و کەوچکەکان دەشۆم". لەو ڕووەوەی کە ئەم جۆرە کارە لە ژێر کۆنترۆڵی بنەماڵەکانە منداڵان بەتایبەت کچان کۆنترۆڵێکی ئەوتۆیان لە سەر داهاتیان نییە.

**مۆدێلی بەستێنی کاری منداڵان:** لە خشتەی ژێرەوە لە پێشدا پرۆسەی کۆدینگ ودواتر پێگەی وتەزاکان لە مۆدێلدا کێشراوەتەوە و پاشان لە مۆدێلدا لە پرۆسەی لۆژیکی بەستێن و لێکەوتەکانی کاری منداڵان کێشراوەتەوە. لە سەر ئاستی پێکهاتەیی هۆکاری کاری منداڵان بریتییە لە کەلێنی گەشە، گرژی و ناکۆکی لە وڵاتی ئەفغانستان، هەژاری بنەماڵەکان، کەلتووری هەندێ لە کۆمەڵگەکان و باوەڕەکانیان لە مەڕ منداڵ، کۆچ کردن و دابینکردنی تێچووی کۆچ. کەلێنی گەشە ئاماژە بەو گەشەکردنە نابەرانبەرە دەکا کە باڵی بە سەر ئەم وڵاتەدا کێشاوە. سیاسەتەکانی گەشە لە سەرەتاکانی ئەم سەدەوە چەند پارێزگای ناوەندی وەکوو تارانی پێکاوە و زۆربەی کەرتە پیشەسازی و چالاکییە خزمەتگوزارییەکان لەم بەشەی وڵاتی ئێراندا جێگیر کراوە و دیکەی ناوچەکان، بەتایبەت ناوچە پەراوێزیەکانی ئێران لە هەر چەشنە گەشەیەک بێبەش کراون. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەدا بەشێکی زۆری کەسەکان بەتایبەت منداڵان لە ناوچە پەراوێزیەکانەوە بە نیازی دەسخستنی هەلی کار بەرەو تاران کۆچ دەکەن. وڵاتی ئەفغانستان وەک دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ناکۆکی و نائارامی زۆری بە خۆوە بینیوە کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی نائارامییەکی بەربڵاو باڵ بە سەر ئەم کۆمەڵگایەدا بکێشێت. نائارامی و لە پاڵیەوە هەژاری تۆخی کۆمەڵگای ئەفغانستان بەتایبەت لە دەڤەرە گوندییەکان پەرەی بە کۆچکردنی بەرەو ئێران داوە. هەروەها زەختی گەمارۆ و تەشەنەسەندنی پەتای کۆرۆنا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی گرانی و داخرانی هەندێ لە کار و کاسبییەکان هۆکاری هەژاری هەندێکی دیکەی بنەماڵەکان و کاری منداڵانە.

لە هەر دوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستان فەرهەنگ و کەلتووری هەندێ لە کۆمەڵگەکان بە جۆرێکە کە پێیان وایە منداڵ لە تەمەنێک بەو لاوە چیتر منداڵ نییە و دەتوانێ کار بکات. بە بۆچوونی ئەوان هەندێ لە ئیش و کارەکان وەکوو ئەوانەی کە منداڵان تێیدا فێری پیشە و توانایەک دەبن بۆ ئەوەیە کە بۆ گرتنە ئەستۆی کارێک لە داهاتوو ئامادە بن. یاریدەدەری کۆمەڵایەتی یەکێک لە ئێنجیئۆکانی ناوچەی غەنیاباد سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: "تۆ بڕوانە کۆمەڵێ کەس لە ئەفغانستان ئەگەر منداڵێک بگاتە تەمەنێک و ئیش نەکا وا دەزانێ تاوانێکی قورسی لێ وەشاوەتەوە، چوونکە ئەمە لە کەلتووریاندایە، من چەندین حاڵەتم بینیوە کە دێتە ئێرە بۆ وێنە دەڵێ دادە ئیشم بۆ بدۆزەرەوە، منیش دەڵێم تۆ جارێ دەبێ دەرس بخوێنی، تۆ بۆ کار نابی، دەڵێ نا دادە من گەیشتوومەتە تەمەنێک کە دەبێ کار بکەم. ئەمانە هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە بۆ وێنە دوازدە یان سێزدە ساڵان ئەگەر ئیش نەکەن نائاسایین."

کۆچکردن و تێچووەکانیشی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵە. منداڵانی ئەفغانستانی چی بە شێوەی تەنیا و چ ئەو کاتەی کە لەگەڵ بنەماڵەکانیان بەرەو ئێران کۆچ دەکەن، - چی بە شێوەی یاسایی و چی بە شێوەی نایاسایی، تێچووی کۆچکردنەکەیان یەکجار زۆرە. تێچووی وەکوو پاسپۆرت و نیشتەجێ-بوون وەک کۆچبەرێکی یاسایی و تێچووی هاتوچۆی ڕێگا و قاچاغچییەکان لە کۆچی نایاساییدا. هەندێ جار بۆ کۆچکردن بۆ ئەورووپا، ئێران ڕێگای نێوەڕاستە. ئەوان ماوەیەک لە ئێران نیشتەجێ دەبن و ئیش

دەکەن بۆ ئەوەی تێچووی کۆچکردن بەرەو ئەورووپا دابین بکەن. یاریدەدەری کۆمەڵایەتی چالاکی بواری منداڵان وتوویەتی: "بنەماڵەی پەنابەرمان هەیە کە دەچنە سەردانی ماڵەکەیان دەبینن هیچیان نییە، بەڵام ئەم زەینە چیتان پێ دەڵێ، کاتێک کە بنەماڵەیەک خاوەن پێنج کوڕە کە مانگێ ملیۆنێک و 700 هەزار تمەن ئیشی بۆ دەکەن، دەی ئەم بنەماڵە نابێ دۆخیان ئاوا نالەبار بێ، لە پڕ دەبینی فڵان کەس جەژن کۆچی کرد، چوو بۆ تورکیا، دەی ئەمانە تێچووی قاچاغچییە و ئەمانە کەم نین. بۆ وێنە بنەماڵەمان هەیە بە سەد کوولەمەرگی هەتا لە ئەفغانستانەوە هاتۆتە ئێران سی ملیۆن پارەی چووە، دەی ئێوە بزانن بۆ چوونە تورکیا دەبێ ئەم بڕە پارەیە خەرج بکاتەوە."

خشتەی ژمارە 2 – پرۆسەی کۆدینگ و پێگەی وتەزاکان

| ڕیز | کۆدە کراوەکان | وتەزا | پێگەی وتەزا |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | نەبوونی کار و هەژاری لە شار، کۆچ کردن بە هۆی هەژاری، بێکاری هۆکاری کۆچی نێوانشاری، کۆچ کردنی نامۆکان بە نیازی کار، کۆچ کردن بۆ فێربوونی پیشە، کۆچ کردن لەگەڵ بنەماڵە، کۆچ کردن بە هۆی نەبوونی کار لە وڵاتی سەرەتا، بوونی هەلی کار لە شاری تاران و داهاتی زیاتر لە تاران. | کەلێنی گەشە | هۆکاری |
| 2 | کۆچ کردن بە هۆی شەڕ و نائارامی، هەلومەرجی ئابووری نالەباری ئەفغانستان، ڕووخانی قوتابخانەکان لە لایەن تاڵەبان و دابین کردنی تێچووی کۆچ کردن. | شەڕ و ناکۆکی لە ئەفغانستان | |
| 3 | پەرەسەندنی بازاڕی کاری نافەرمی بە هۆی ڕاکردن لە چاودێری، بەکارهێنانی هێزی کاری هەرزان لە بازاڕەکانی کاردا، دامەزراندنی کارگە لە شێوەی خانوبەرە بە مەبەستی نەبوونی چاودێری و پێنەدانی کرێی کەمتر، نەبوونی چاودێری بە سەر کارگەکان لە ناوچە ناوەندییەکانی شار، بەشداری منداڵان و کۆچ بەران لە کەرتی نافەرمی. | بازاڕی کاری نافەرمی | |
| 4 | هەڵاوسان و هەژاربوونی بنەماڵە تەواونەبوونی داهاتی بنەماڵە، پڕحەشیمەتبوونی بنەماڵەی کۆچبەر، کاریگەری کۆڕۆنا لە سەر کەساسی پیشەکان، دابینکردنی تێچووی بنەماڵە، دەست بە کاربوون لە کاتی تووشبوونی باوک بە مادەی هۆشبەر، یەکەمایەتی دابینکردنی خواستەکانی بنەماڵە، نەبوونی هەتاهەتایی باوک لە ناو بنەماڵە بە هۆی گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەرەوە، پێ باشتربوونی کار لە دەرس، کەمئەندامی و لاکەوتەیی سەرپەرشتیاری بنەماڵە، لاکەوتەیی دایک و باوک، کارکردن بۆ دانەوەی قەرزی بنەماڵە، نەبوونی داهاتی هەتاهەتایی و بەردەوام لە ناو بنەماڵەدا، مردنی باوک، پێشینەی تاوان و زیندانی کرانی باوک، نەخۆشکەوتنی سەرپەرشتی بنەماڵە، کارکردنی منداڵ لە پێناو دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی بنەماڵە، لەدەستدانی سەرمایەی خێزانی بە هۆی قوماری باوکەوە، بێکاری باوک و چاوەڕوانیکردن لە کارکردنی منداڵ. | هەژاری و لێکەوتەکانی | |
| 5 | باوەڕداری بە کارکردن بە مەبەستی ئامادەکردنی ئەو منداڵە بۆ ژیان، پێناسەی سنووردار لە تافی منداڵی، هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵی و خاوەنی منداڵ بوون، کارکردن لە پێناو دابینکردنی تێچووی هاوسەرگیری، کەلتووری خانەنشینی پێشوەختەی باوک هۆکاری کارکردنی منداڵ و زۆرمانەوەی کچانی قەرەج لە سەر شەقامەکان. | کەلتووری کۆمەڵگەکان | |
| 6 | هۆگریی منداڵ بۆ کاری گوڵفرۆشی، سەربەخۆیی منداڵ بۆ بیرکردنەوە و کارکردن، کاریگەری کار و داهات لە سەر هۆگری منداڵ، خواستی منداڵ بۆ پیشاندانی سەربەخۆیی ئابووری بنەماڵە، | هۆگری و پاڵنەری کار | |
| 7 | نزیکبوون لە شوێنی کار هۆکاری هەڵبژاردنی کارە و بوونی هەندێ کار لە هەندێ لە گەڕەکەکانی شار. | شوێنی نیشتەجێبوون | بەستێنی |
| 8 | نەبوونی هەلی هەڵبژاردنی هەندێ لە پیشەکان بە هۆی سنوورداری تەمەن، پێباشبوونی خاوەنکار بۆ هەڵبژاردنی منداڵانی کەمتەمەن بە هۆی ملکەچ بوونیان، ڕۆشتنی کچانی ئەفغانی لە سەر شەقام پاش پێگەیشتن و دەستپێکی کار لە سەر شەقام لە تەمەنی کەمەوە. | تەمەن | |
| 9 | بوونی زیاتری هەندێ لە ئێتنیکەکان لە هەندێ لە کارەکان و دابەشبوونی هێڵی مێترۆ و پانتا شارییەکان بە پێی ئێتنیک. | ئێتنیک | |
| 10 | ڕوانگەی ڕەگەزی، نەمانی کچانی ئەفغانی لە سەر سیمای کاری سەر شەقام لە پاش پێگەیشتنیان، دابەشبوونی کار بە پێی ڕەگەز، کوڕانەبوونی هەندێ لە کارەکان بە هۆی نەمانی کچان لە تەمەنی سەرتر لە هەندێ کارەکان. بوونی کچان لە کاری ماڵان، نەبوونی کچان لە هەندێ لە ئیشەکاندا. | ڕەگەز | |
| | قۆڵبەستکران لە لایەن پۆلیسەوە، گۆڕینی کار بە هۆی گەڵاڵەکانی کۆکردنەوە، گرتن و گواستنەوەیان | شێوازی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 11 | بۆ ئەفغانستان، چاوپۆشی کردن لە کاری منداڵ لە لایەن ناوەندە بەرپرسەکانەوە، کۆکردنەوەیان لە لایەن ناوەندی بێهزیستی (چاکژیانەوە) گۆڕینی پیشە بە هۆی سنووردار بوونی بارهەڵگرتن، ڕێگری لە بەکارهێنانی منداڵان لە کاری کشتوکاڵ، دەربازکردنی منداڵان لە کارگە لە کاتی سەردانی کردن پشکنەرانی کار، فەرمیدان بە کاری منداڵ لە ڕێگەی پێدانی یۆنیفۆڕمی کار، نەبوونی چاودێری پشکنەرانی ڕێکخراوی کار، پارێزبەندی یاسایی بۆ بەکارهێنانی منداڵی کار لە کارگەی ژێر 5 کەس و یاساییبوونی کاری منداڵانی ژوور تەمەنی 15 ساڵان. | جێبەجێکردنی یاساکان و چاودێریکردنیان | |
| 12 | پێشنیاری کار لە لایەن هاونیشتمانی، کۆچ کردن لەگەڵ خزم و کەس و کار، هاندانی منداڵ بۆ کۆچ کردن بۆ ئێران، کۆچ کردنی نۆرە نۆرەی ئەندامانی بنەماڵە بە نیازی دەستخستنی داهات، هاتوچۆکردن بۆ شاری نزیکی شوێنی نیشتەجێبوون و هۆگری بۆ کۆچکردن بەرەو وڵاتانی ئوروپایی. | تۆڕی کۆچبەرەکان | |
| 13 | دەسەڵاتی خاوەنکار لە دیاریکردنی کاتژمێری کاری و بڕی حەقدەست، بێدەسەڵاتی لە وتنی نا، پێدانی تێچوو بە شارەوانی بۆ دابین کردنی مەکینە و جلوبەرگ، دەرکران لە سەر کار بە هۆی زیانگەیاندن بە خۆ، پێویستیی ڕچاوکردنی یاساکان و پەیوەندییەکانی کار لە جۆری کارە ڕێک خراوەکان، سزادران لە لایەن پەیمانکار بە هۆی دەرچوون لە شوێنی کار، دانانی گرێبەستی دڵخوازانە لە لایەن خاوەنکارەوە، پێدانی کۆمیسیۆن لە بارهەڵگریدا، نەبوونی گرێبەست، گرێبەستی کورت خایەن و بێدەنگی بنەماڵە لە ئاست خاوەنکار بە هۆی هێزەکەی. | پەیوەندی دەسەڵات | |
| 14 | کارکردن بۆ پڕکردنەوەی پشووی هاوین، گرنگی پاکوخاوێنی لە شوێنی کار بۆ منداڵ، ڕوانگەی سەبارەت بە کچان، بڕوادار بوونی بە کارکردنی منداڵ لە ماڵ، هەستیاری نواندنی زۆر بۆ کاری کچان پاش پێگەیشتن. | بەهاکان و ڕوانگەکان | کاریگەر |
| 15 | خێزانیبوونی هەندێ لە کارەکان و هاتنی منداڵان بۆ ناو ئەو بەستێنە، چوونە ناو کاری نوێ بە هۆی وابەستەبوون بە بنەماڵە، کارکردن لەگەڵ باوک بە هۆی بارودۆخی گونجاو، پێ باشبوونی خاوەنکار بۆ بەکارهێنانی منداڵان و کاردۆزینەوەی هەندێ لە ئێنجیئۆکان بۆ منداڵان. | بەنۆرمکردن و ناوبژیوانێتی | |
| 16 | سنووردار بوونی کاری پەنابەران لە یاسای پیشەی پەنابەران، سنووردارکردنی نیشتەجێبوونی پەنابەران لە سەر ئاستی هەندێ لە پارێزگاکانی ئێران، هەڵاواردن و جیاکاری بە پێی نەتەوەی منداڵ، نەبوونی هەلی کردنەوەی حسێبی بانکی بۆ منداڵانی پەنابەران، نەبوونی بەڵگەی ناسنامە لە ناو بیانییەکاندا، سنووردارکردنەوەی کچان، نواندنی جیاکاری لە نێوان پەنابەران لە لایەن هێزەکانی ئینتزامییەوە، سنووردار بوونی کار بۆ کچان لە سەر شەقام هەتا تەمەنێکی دیاریکراو، پێدانی یەکەمایەتیی دامەزراندنی کرێکارانی خۆجێیی لە چاو پەنابەران، فرەچەشنیی زیاتری پیشەکان بۆ کوڕان، بێبەشێتیی کۆچبەران لە پشتیوانیی یاسایی کار و نەتەوەپەرەستیی منداڵانی ئێرانی لە ئاست منداڵانی کۆچبەران لە کار و قوتابخانە. | هەڵاواردنی ئێتنیکی و ڕەگەزی | |
| 17 | پشتیوانی ئێنجیئۆکان لە منداڵان، متمانەی منداڵ بە بنەماڵە، پەیوەندی باشی خاوەنکار لەگەڵ منداڵ، بوونی پانتای ژنانە لە شوێنی کار بۆ کچ، پەیوەندی پەیتاپەیتای تەلەفۆنی لەگەڵ بنەماڵە، پشتیوانی خوێندن بۆ منداڵانی کار لە لایەن ئێنجیئۆکانەوە، پشتیوانی ئێنجیئۆکان لە منداڵانی نەخۆش و بنەماڵە نەخۆشەکەیان، هەستکردن بە ئاسایش بە هۆی بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەستکردن بە ئاسایش بە هۆی بوونی ئەندامانی خزم و کەس و کار لە ناو کار، چاودێری کردنی منداڵەکان لە سەر شەقام لە لایەن بنەماڵەوە، بوونی منداڵان لە کارگە، پشتیوانی خاوەنکار لە خوێندنی منداڵ، فێرکردنی مافەکانی منداڵ بە منداڵان، پێدانی خزمەتگوزاری تەندروستی بە منداڵان، بەتواناکردن، دانانی پانتای یاری بۆ منداڵان لە ئێنجیئۆکان، پشتیوانی لە بنەماڵەی منداڵانی کار، پێدانی تێچووی خوێندن، بەڕێوەبردنی کارگەی فێرکاری بۆ منداڵان و بنەماڵەکانیان و خاوەنکارەکان، هەوڵی ئێنجیئۆکان بۆ خوێندنی منداڵانی پەنابەر لە قوتابخانە، پەیوەندی سازکردن لەگەڵ خاوەنکار بۆ درێژەدان بە خوێندنی منداڵان و کەم کردنەوەی مەترسییەکانی کار و چاودێری کردنی منداڵ لە لایەن کرێکارانی گەورەساڵترەوە. | داکۆکی، چاودێری و چاودێریکردنی منداڵان | پەیوەندییەکان / ستراتیژیەکان |
| 18 | قبووڵکردن قەدەری خودا بۆ ڕازیبوون بە بارودۆخی نالەباری ژیان و کار، بێدەرەتانی منداڵ لە هەمبەر ئازاردانی لە لایەن دیترانەوە، بێ هێزبوونی منداڵ بۆ دەربڕینی هەستەکانی بە هۆی تەنهایی، بێدەرەتانی لە بەدواداچوونی یاسایی بە هۆی کۆچبەربوونەوە، بێپشتیوانی منداڵ لە هەمبەر ئازاردرانی لە لایەن دیتراوە، دەرنەبڕینی ئەزموونی ئازار بە مەبەستی پاراستنی پیشە، پاکانەکردن بۆ بەدڕفتاریی خاوەنکار لە لایەن دایک و باوکەوە، ترسی منداڵی پەنابەر لە پەیوەندی سازکردن لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ، وازهێنان لە کار بە هۆی قورس بوونی ئەرکە پێسپێردراوەکان، توانای کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی، زێدەکاری بە مەبەستی زیاترکردنی داهات، وازهێنان لە کار بە هۆی ماندوویێتی پەیتاپەیتا، هاواهەنگبوونی لەگەڵ سرویسی هاتوچۆ بە مەبەستی ئاسایشی زیاتر، بەمەکۆکردنی شوێنی کار، زیانگەیاندن بە ئۆتۆمبێلی گەڵاڵەی ڕێکخستن، ڕاکردن لە دەست پشکنەرانی شارەوانی، هۆگری بۆ وەرگرتنی حەقدەست بە شێوەی هەفتانە بە هۆی نەبوونی ئاسایش، داوای هاوکاریکردن لە پۆلیس و پشتیوانی لە هاوڕێیان لە تێکهەڵچوونەکاندا. | کارلێکی چالاکانە و ناچالاکانە | |
| 19 | بێبەرانبەرنەبوونی پەروەردە بۆ منداڵانی پەنابەر، جیاوازی سیستەمی پەروەردەی ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و وەدواکەوتنی خوێندن، وازهێنان لە خوێندن بە هۆی کار، پەک کەوتنی خوێندن بە هۆی | بێبەشبوونی لە خوێندن | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کۆچ، وازهێنان لە خوێندن بە هۆی هەژاری، ئیزننەدانی باوک بۆ خوێندنی کچ، ئاستەنگەکانی بەر دەم خوێندنی پەنابەران، چاوەڕوانی یەکسانی قوتابخانەکان لە منداڵانی ئاسایی و منداڵانی کار، ئاوێتەکردنی کار و خوێندن و بەئەزموونکردنی زەختی دووقات. | | |
| 20 | نەبوونی کاتی بێکاری، نەبوونی پشوو بە هۆی ڕۆژانەبوونی حەقدەست، زیاتربوونی داهات لە ڕۆژانی پشوو، نەبوونی ڕۆژی پشوو لە کارواش بۆ وێنە هەینی، کەمبوونی کاتی بێکاری بۆ پشوودان و خەوتن، پێنەدانی پشوو بە هۆی زەختی ئابووری، لە دەرەوە مانەوە بە بیانووی کار بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر، نەبوونی کاتی پشوو بە هۆی دووپیشەبوون، نەبوونی ئاسانکاری و ئامرازەکانی کاتی پشوو، دابینکردنی تێچووی خۆراک بە شێوەی قەرز، خۆراکی خراپ لە کاتی کارکردن، لابردنی ژەمی خۆراک لە کاتی کار، خۆراکی خراپی منداڵان لە کاری سەر شەقام، دابینکردنی خۆراک بۆ منداڵانی سەرشەقام، سنووردداربوونی جۆری خۆراک و ئەنجامدانی کاری قورس و درێژخایەن لەگەڵ خواردنی خراپ. | پشوو و خواردن | |
| 21 | بریندداربوون، نەخۆشکەوتن، کەمئەندامبوون، لەدەستدانی بینایی لە کارواش، زیانمەندبوون بە هۆی نەبوونی ئامرازی کار، درێغی نواندنی خاوەنکار لە دابین کردنی ئامرازەکانی تەندروستی، کەمخەوی و بەئەزموونکردنی زەخت و فشار، تێچووی قورسی چارەسەر و سەردان نەکردنی پزیشک، هەلومەرجی نالەباری تەندروستی و نەبوونی هەواگۆڕکێی کارگە، شوێنی نیشتەجێبوونی ناپاک و پیس، کاریگەرییەکانی بەدخۆراکی و دابیننەکردنی کەرەسە و جیاز لە لایەن خاوەنکارەوە. | کێشەی تەندروستییەکتان | |
| 22 | گۆشەگیرکردنی منداڵ لە شوێنی کار بە هۆی تەمەنی کەمەوە، گاڵتەپێکردن لە لایەن هاوکاران و وازهێنان لە کار، تووڕەبوونی منداڵ بە هۆی گیرانی کەلوپەلەکەی لە لایەن شارەوانییەوە، شەڕکردنی خاوەنکار لەگەڵ منداڵ بە هۆی گیرانی کەلوپەلەکانی، بەئەزموونکردنی توندوتیژی جەستەیی و بێژەیی لە لایەن خاوەنکارەوە، ترسان لە خاوەنکار بە هۆی تووڕەیی و تۆسنییەوە، ئازاردانی منداڵانی ئەڤغانستانی لە لایەن منداڵانی ئێرانییەوە، ڕچاونەگرتنی نۆرە هۆکاری شەڕ لە کاری سەرشەقامە، شەڕکردن لە پێناو بەرژەوەندییەکان، هەڵسوکەوتی ناشیرینی شارۆمەندان، ئازاردانی کچان لە سەر شەقام، لێدران و سووکایەتی کردن بە منداڵان لە لایەن بەرپرسانی مێترۆوە، هەڕەشە لێکران لە لایەن کەسانی گیرۆدە بە مادەی هۆشبەرەوە، پێشنیاری پەیوەندی سێکسی بە منداڵ، پیشاندانی وێنەی وورووژێنەری سێکسی بە منداڵ، ناوناتۆرەنانی لەشفرۆش بە کچان، تەمبێکردنی منداڵ لە لایەن بنەماڵەکانیان لە ئەگەری دەستخستنی داهاتی کەم، عەورەتدەرخستنی شۆفێر، تێکهەڵچوونی نێوان فرۆشیارەکان لە مێترۆ، هەستکردنی ناخۆش بە هۆی چەوساندنەوە لە لایەن خاوەنکارەوە، بەئەزموونکردنی توندوتیژی لە لایەن دوکاندارانەوە، برەوی گاڵتە و جەفەنگی سێکسییانە لە ناو منداڵان، هەستکردن بە سووکایەتی لەبەر فرۆشتنی فاڵ و کەمبوونەوەی ورەبەرزی لە ناو منداڵان بە هۆی سووکایەتی پێکرانیانەوە. | بەئەزموونکردنی توندوتیژییەکان | لێکەوتەکان |
| 23 | نائاساییبوونی ماوەی کار، بەربوونەوە لە بەرزایی، بەئەزموونکردنی زەختی دەروونی بە هۆی قورسبوونی کار، زەختکردنە سەر منداڵ بە هۆی ئەوەی ناتوانێ تێچووی بنەماڵە دابین بکا، تەرخان کردنی بەشێک لە داهات بۆ لەشفرۆشی، کەوتنەوەی شەڕ و ناکۆکی لە شوێنی کار لە ناو منداڵان، ژیان کردنی بە کۆمەڵ لەگەڵ گەورەساڵان لە شوێنی کار، نێرگەلەکێشان، گەرمی هەوا لە هەندێ کاری وەکوو لەحیم کاری، کوورەی خشتپێژی، بلوورسازی، داشقەچێتی و زبڵگەڕی، پێشینەی زۆرداری، کەمخەوی بە هۆی زەختی کاری زۆر، تووڕەیی منداڵ بە هۆی کەمخەوی، ژیانی بە کۆمەڵ لە ناو کانێکس، بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر لە شوێنی کار، پیادەڕەوی دوور و درێژ، خواردنەوەی کحۆل، هەڵگرتنی چەکی سارد لە لایەن منداڵەوە، کێشانی مادە هۆشبەرەکان لە لایەن خاوەنکار لە شوێنی کار، سێکس کردنی خاوەنکار لە شوێنی کار، ئەگەری ونبوون لە شەقام، ئەگەری چوونە ناو شوێنی نەشیاو، سووتان لە بلوورسازی و فیتەری، ڕاوەستانی درێژخایەن لە هەندێ کاری وەکوو لەحیم کاری، تەڕەبار، سووپەرمارکێت، دەستفرۆشی، ماندوویێتی بە هۆی پیشەی دووهەم، شوێنی نیشتەجێبوونی نەشیاو و نائارام و دووری لە بنەماڵە و لێکەوتەکانی. | هەموو جۆرەکانی مەترسی و خەسارەتەکان | |
| 24 | جیاوازی زۆری نێوان حەقدەستی گەورەساڵان و منداڵان سەرەڕای یەکسانبوونی کار، پێنەدانی حەقدەست، کەمکردنەوەی حەقدەست لە ئەگەری ئەوەی منداڵ هەڵەی لێ بووشێتەوە، نەبوونی کاتی پشوو بە هۆی نیشتەجێبوون لە شوێنی کار، گۆڕانی پیشە بە هۆی زیادنەکردنی حەقدەست، نەبوونی حەقدەست لە ڕۆژانی پشوو، ناڕەزایەتی لەو بڕە حەقدەستەی کە وەردەگیرێ، سزادان بە هۆی وەدرەنگکەوتن، درێژخایەنبوونی ماوەی کار و کەم بوونی بڕی حەقدەست، کەم بوونی پشکی منداڵ لە داهاتەکەی، پێدانی داهاتی منداڵ بە سەرپەرشتیاری منداڵ، وازهێنان لە ئیش بە هۆی تێکهەڵچوون لەگەڵ خاوەنکار، پێدانی ڕسووم، دیاری کردنی نرخی کڕینی کاڵای منداڵ لە لایەن خاوەنکارەوە، کارکردن لە ماوەی شەو، کاری بێحەقدەست بۆ بنەماڵە، کەڵکاوەژۆیی لە منداڵانی بێسەرپەرشت، نەدانی حەقدەست لە کاتی خۆی، کەم بوونی پشکی منداڵ لە داهاتەکەی و نەبوونی بیمە و دیکەی هەڤیازییەکانی کار. | چەوسانەوە | |
| 25 | دابین کردنی تێچووی کرێ، دابین کردنی تێچووی دەرمان و چارەسەری بنەماڵە، ناردنەوەی داهات بۆ ئەڤغانستان بۆ بنەماڵە دابین کردنی تێچووی قوتابخانە و تێچووە تایبەتییەکان، دابین کردنی تێچووی ئاهەنگی هاوسەرگیری خوشک، کڕینی هەندێ کەلوپەلی ناوماڵ، پێدانی پارە بە دایک و دیکەی ئەندامانی بنەماڵە. | دابین کردنی بەشێک لە پێداویستییەکنی بنەماڵە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 26 | فێربوونی پیشە، خولی ڕاهێنانی کاری بێبەرانبەرانە، گرنگی فێربوونی پیشە، کۆچ بە نیازی فێربوونی پیشە، فێربوونی پیشە لە باوک، هەڵبژاردنی کارە کارگەییەکان بە نیازی فێربوونی پیشە، گرنگی فێربوونی پیشە بۆ هەبوونی کارێکی گونجاو لە داهاتوودا، بەرزکردنەوەی ئاستی پیشە، خۆگونجاندنی منداڵ لەگەڵ بارودۆخ و ڕاهاتنی لە درێژەی زەمەن، پێشکەوتنی کەم لە کاری کرێکاری و سەرشەقام لە ڕوانگەی دایک و باکەوە، شارەزاییەک کە دیاریکەری بڕی حەقدەستە، پێویستی و فێربوونی شارەزایی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی پیشە. | فێرکاری پیشە، بەرزکردنەوەی ئاستی کار | |

بنەماڵە هەژارەکان یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی کارکردنی منداڵانن. ئاسەوارە ناسراوەکانی هەژاری لە ناو بنەماڵەکاندا بریتی بوون لە: کارکردن بە داهاتی کەمەوە، بێکاری، داهاتی کەم، نەخوێندەواری و کەمخوێندەواری دایک و باوکەکان، زۆربوونی ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە، نەخۆشی، لاکەوتەیی، زیندانی-کران و گیرۆدەبوونی باوک بە مادەی هۆشبەر، مردنی سەرپەرشتیاری بنەماڵە، بەجێهێشتنی بنەماڵە لە لایەن سەرپەرشت یان باوکی بنەماڵەوە، وەرزانەبوونی پیشەی سەرپەرشتیاری بنەماڵە، قەرزداربوونی بنەماڵە، ڕاکردن لە ژینگەی نالەباری بنەماڵە و دابینکردنی تێچووی خوێندن. لەم بارودۆخەدا بنەماڵەکان بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە تێچووەکانیان هێزی کاری منداڵەکانیان بە کار دەبەن. لە دیمانە لەگەڵ منداڵێک بۆی گێڕاینەوە: "چی لە پارەکەت دەکەی؟ دەیدەین بە کرێماڵ، ئێمە پارەکەمان خەرج ناکەین هەرچی دەستی دەخەین دەیدەین بە کرێماڵ و شتی دیکە. ئێستا بڕی کرێماڵ زۆر بووە؟ ئێستا بەڵێ زۆریان کردووە، پێشتر چەندە بوو؟ پێشتر 800 هەزار تمەن بوو بەڵام ئێستا زۆریان کردووە. بۆتە چەندە؟ نازانم. پارەکەت دەدەی بە باوکت یان دایکت؟ دەیدەین بە باوکم، کاکم دەیڕژێنێتە ناو حسێبی خاوەنماڵەوە، خۆشی مانگی ملوێنێک دەکەوێ و خەرجی ماڵ دەکرێت."

هۆگری و پاڵنەری کارکردن یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵانە. هەندێ لە منداڵەکان پێیان خۆشە ئیش بکەن بۆ ئەوەی داهاتێکیان هەبێ و سەربەخۆ بن و یان لە دابینکردنی بنەماڵەدا بەشدار بن. هەڵبەت پاڵنەری منداڵان بۆ کارکردن دەرەنجامی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا ژیان دەکەن. کاتێک کە بنەماڵەکانیان هەژارن و نەتوانن لە گەیشتن بە هەندێ لە ئاواتەکانیان داکۆکییان لێ بکەن، لەم بارودۆخەدا منداڵان خۆیان دێنە ناو پرۆسەی کارەوە بۆ ئەوەی بەو داهاتەی کە دەستی دەخەن بە بەشێک لە ئاواتەکانیان بگەن. هەندێ خۆزگە و ئاواتی وەکوو کڕینی باسکیل، دابینکردنی تێچووی خوێندن، یارمەتیدانی بنەماڵە و لەم چەشنە.

پەرەسەندنی ئابووری نافەرمی یەکێکی دیکە لە بەستێنەکانی کارکردنی منداڵانە. کرێکاران لە ئابووری نافەرمی لە ژێر یاسای کار و پشتیوانی کۆمەڵایەتیی ناسراو، داکۆکییان لێ ناکرێت. هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەی ئابووری نافەرمی بریتییە لە توخمەکانی بەستێنی ئابووری، چوارچێوەی یاسایی، چاودێری و هەندێ لە فاکتەرە دیاریکەرەوەکانی ئاستی وردی وەکوو ئاستی کەمی خوێندەواری، هەڵاواردن، هەژاری، دەستڕانەگەیشتن بە سەرچاوەی ئابووری، دارایی، خزمەتگوزاری ئابووری و بازرگانی و بازاڕەکان پیشان دراوە. ئابووری نافەرمی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە چەقە سەرەکییەکانی ڕاکێشانی کاری منداڵان بووە. کار لە ئابووری فەرمی زیاتر بە شوێنی کاری بچووک یان پێناسەنەکراو، بارودۆخی نائارام و ناتەندروست، ئاستی کەمی لێهاتوویی و سوودبەخشی، داهاتی کەم یان ناڕێکوپێک، کاتژمێری زۆری کارکردن و دەستڕانەگەیشتن بە زانیارییەکان، بازاڕەکان، کاروبارە ئابوورییەکان، پەروەردە و

تەکنەلۆژیا دیاری دەبێت (پۆرتاڵی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار). یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان پەیوەندی قووڵی نێوان کۆچ و بازاڕی نافەرمییە. هاتنی شەپۆلی کۆچ لە وڵاتی ئەفغانستان و چی لە دیکەی ناوچە بێبەشەکان بەرەو شاری تاران بێچم بە کاری منداڵان لەم شارە دەدا و بەهێزی دەکات. ئابووری نافەرمیش هێزی کاری هەرزانی دەوێ و کۆچبەران بەتایبەت منداڵان باشترین هێزی کاری هەرزان بۆ ئەم کەرتەن. ئەو کۆچبەرانەی کە شارەزایی و تواناییان نییە و بێناسنامەن و منداڵن هەم هەرزانترن و هەمیش ئەگەر لە کاتی کاردا مافیان پێشێل بکرێ ناتوانن لە ڕێگەی یاساییەوە دادخوازی بکەن. ئەو کەسانەی کە لەم کەرتەدا ئیش دەکەن لە خوێندن، لێهاتوویی و هەموو ئەو شتانەی کە بۆ دەسخستنی کاری شیاو بەتواناییان دەکا بێبەشن. یەکێک لە پسپۆڕانی بواری منداڵ دەگێڕێتەوە: "ئەم کەرتە بە هۆی ئەوەی نەریتییە و زۆرێک لە کاروبارەکان بە شێوەی دەستکرد و نەریتییە، پێویستی بە هێزی کاری هەرزانە، ئێوە سەیر بکەن کە هێزی کاری هەرزان کێن؟ دیارە کۆچبەرانی پەنابەرن، ئەو بنەماڵە ئێرانییانەی کە لە ناوچە دوورەدەستەکانەوە بەرەو تاران کۆچیان کردووە."

لە لایەکەوە دەوڵەت ناتوانێ چاودێری ئەم کەرتە بکا و هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە پەرەسەندنی ئەم نەبوونی چاودێرییە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا زیاتر بۆتە هۆی چەوسانەوەی چینی زیانهەڵگری وەکوو ژنان، منداڵان و پەنابەرانی نایاسایی. بەو پێیەی کە لەم کەرتەدا یاسای فەرمی بۆ چاودێری بوونی نییە، هەر بۆیە یاسا و ڕێسای سەرەڕۆیانەی خاوەنکارەکان دەبێتە بەدیلی ڕێسای فەرمی. کاری منداڵان کە لەم توێژینەوەدا تاوتوێ کران دەتوانین بڵێین زۆرینەیان دەکەونە ناو ئەم کەرتەوە. گواستنەوەی بار بە داشقەی دەستی، زبڵگەڕی، کارکردن لە زۆربەی کارگە بەرهەمهێنەرەکان، کارکردن لە سەرشەقام و کارکردن لە کوورەی درووستکردنی خشت لەم چەشنە پیشانەن.

فاکتەرە کاریگەرەکانی کاری منداڵان بریتین لە شێوازی جێبەجێکردنی یاساکان و چاودێریکردنی، تۆڕی کۆچبەرەکان، هەڵاواردنی ئێتنیکی و ڕەگەزی، پەیوەندی دەسەڵات، بەها و ڕوانگەکان، بەنۆرمکردن و ناوبژیوانێتی. بە پێی یاسای کاری ئێران بەکارهێنانی منداڵانی ژێر تەمەنی 15 ساڵان قەدەغەیە؛ بەڵام وەک دەبینین ڕێژەیەکی زۆری منداڵان لە تەمەنی کەمتر لە 15 ساڵان ئیش دەکەن. زۆرێک لە پشکنەرانی وەزارەتی کار چاودێری کاری منداڵان ناکەن هەر بۆیە خاوەنکاران یاسا دەور لێ دەدەنەوە و سوود لە کاری منداڵان دەبینن. تەنانەت ئەو کاتەی کە پشکنەران بە نیازی چاودێری سەردانی ئەوێ دەکەن خاوەنکارەکان بە شێوازی جۆراوجۆر منداڵەکان دەشارنەوە. لە حاڵەتەکانی دیکەدا کە یاساکانی کۆکردنەوەی منداڵان دەچێتە بواری جێبەجێکردن دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان جۆری ئیشەکەیان بگۆڕن.




وێنەی ژمارە 2. مۆدێلی بەستێنی کاری منداڵان لە ئێران

تۆڕی کۆچبەرانیش بە پێکەوە لکاندنی خاڵەکانی نێوان شوێنی سەرەتا و شوێنی مەبەست بەستێن بۆ کاری منداڵان دابین دەکات. وەک دەبینین منداڵانی هەندێ لە ئێتنیکەکان لە هەندێ لە کارەکاندا چالاکن. بۆ وێنە زبڵگەڕەکان زیاتر خەڵکی هەراتن یان ئەو منداڵانەی کە لە تەڕەبار ئیش دەکەن کوردن. ئەم بەڵگانە گرنگی تۆڕەکانی کۆچ لە چوونە ناو بەستێنی کار پیشان دەدەن. هەڵاواردنە ئێتنیکی و ڕەگەزێتییەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵانن. بەشێک لە هەڵاواردنە ئێتنیکییەکان لە ژێر کاریگەری هەمان گەشەی ناهاوسەنگە، بەڵام تەنیا **لەوەدا** سنووردار نابێتەوە. لە ئێراندا هەندێ لە ئێتنیکەکان و ژنان بە هۆی هەڵاواردنی پێکهاتەییەوە دەناڵێنن. بۆ وێنە دەستیان لە هەندێ هەلەکان کورت بۆتەوە. ئەنجامی هەڵاواردنە پێکهاتەییەکان دەبێتە هۆی سنووردار بوونی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان کە ئەمەش هەژاری لێ دەکەوێتەوە. پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش یەکێکی دیکە لە هۆکارە کاریگەرەکانە. بە هۆی نەبوونی یاسا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکار لە کەرتی نافەرمی و دەورلێدانی یاساکانی لە کەرتەکانی دیکە خاوەنکاران کەڵکاوەژۆیی لە هێزی کار دەکەن.

شوێنی نیشتەجێبوون، تەمەن، ڕەگەز و ئێتنیک وەک فاکتەرە بەستێنییەکان کاریگەری لە سەر کاری منداڵ و جۆری کاری منداڵ دادەنێن. بۆ وێنە لە سۆنگەی نیشتەجێبوونەوە ئەو منداڵانەی کە لە گەڕەکی فەرەحزادن زیاتر دەچنە ناو کاری فیتەری و دەچنە ناو کاری سەرشەقام لە گەڕەکە باکوورییەکان، یان هەندێ لە منداڵان لە گەڕەکە ناوەندییەکانی شاری تاران تێکەڵی کارگەی بەرهەمهێنان دەبن و هەندێ لە منداڵان لە باشووری تاران دەچنە ناو کاری کەرتی کشتوکاڵەوە. لە زۆربەی کارەکاندا تەمەن دەوری

دیاریکەرەوەی هەیە. بۆ وێنە لە کاری سەرشەقامی وەکوو دەستگێڕی، گوڵفرۆشی و سواڵکەری منداڵان لە تەمەنی کەمتردا زیاتر دەتوانن داهات وەدەست بێنن چونکە باشتر دەتوانن بەزەیی خەڵک ببزوێنن ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەندێ لەو کارانەی کە پێویستی بە هێزی جەستەیی و وردبینی زیاترە وەکوو کاری بیناسازی، زبڵگەڕی، فیتەری، پێویستی بە منداڵانی گەورەساڵترە. هەر بۆیە ڕەگەز و ئێتنیک دەورێکی گرینگیان لە جۆری کار هەیە. کچان زیاتر لە کارگەلی وەکوو کاری ماڵان، بەرگدووری و دەسفرۆشیدا کار دەکەن، چونکە زۆرێک لە نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دژی کارکردنی کچان لە کاری دیکەن. کچان تەنانەت ئەگەر لە کاری سەرشەقام و دەسفرۆشیش کار بکەن، زیاتریان هەتا بەر لە تەمەنی پێگە-یشتن ڕێگەیان پێ دەدەن کار بکەن و پاش ئەوە دەبێ لە ناو ماڵ کار بکەن چونکە لە ناو هەندێ لە کۆمەڵگەکان بۆ وێنە ئەفغانستان کارکردنی کچان لە سەر شەقام دژی وێنەی ژنی باش بۆ هاوسەرگیری و دەوری هاوسەرێتییە. فاکتەری ناوبژیوانێتیش ئاماژە بە ناوبژیوانبوونی بنەماڵەکان، تۆڕەکانی دۆستایەتی و ئێن‌جی‌ئۆکان دەکا کە کار بۆ منداڵانی کار دەدۆزێتەوە و دەیانهێنێتە ناو پرۆسەی کارەوە. مەبەست لە ئێن‌جی‌ئۆکان ئەوانەن کە لە هەندێ حاڵەتدا ئیش بۆ منداڵانی ژێرچاودێری دەکەن.

ستراتیژەکانی کار کۆمەڵێک کردەوە و کاردانەوەی دوولایەنەی منداڵان و تۆڕە پشتیوانییەکانیان بۆ دەس-خستنی داهاتی زیاتر، بەرزکردنەوەی ئاستی پیشە، خۆبواردن لە مەترسییەکانی کار، توندوتیژییەکان و بەرگری لە مافەکانیان و دیکەی ئەو پرسانەیە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. کۆی ئەم ستراتیژیانە بۆ سەر دوو بەشی گشتی دابەش دەبن، ئەوان یان ڕێکار و ستراتیژی چالاکن یان ناچالاک. هەر کام لەم ڕێکارانە دەتوانن کاریگەر بن یان نەبن. هەندێجار ڕێکارێکی نەشیاو دەتوانێ کاریگەر بێت. بۆ وێنە کاتێک کە منداڵێکی زبڵگەڕ بۆ ئەوەی لە لایەن شارۆمەندانەوە کەمترین ئازاری پێ بگا، بە کەمترین پەیوەندی و بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوان ئیشەکەی بەڕێوە دەبا، یان هەڵچوون و شەڕ لەگەڵ خاوەنکار لە سەر وەرگرتنی مووچە سەرباری ئەوەی ڕێکارێکی چالاکانەیە، بەڵام خۆ هەمیشە ئەنجامی ئەرێنی لێ ناکەوێتەوە.

ڕێکارەکانی منداڵان بە پێی جۆری کارەکان و ئاڵۆزی هەر کام لەم کارانە لە پێناو سەرکەوتن واتە وەدەستهێنانی داهاتی زیاتر و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشە بریتییە لە: ورووژاندن و بزواندنی هەستی بەزەیی شارۆمەندان بە شێوەی وتەیی "تۆخوا دانەیەکم لێ بکڕە" و یان نووسینەوەی دەور و دەرسی قوتابخانە لە کاتی کارکردن لە سووچی شەقام، پاراستنی بازنەی کار، گۆڕینی شوێنی کار یان جۆری کار، جۆرناسی شارومەندان و ناسینی کڕیارەکان لە ناو شارومەندەکان و چوون بۆ لایان وەکوو ئەو کچ و کوڕە گەنجانەی وا پێکەوەن (ئەم ڕێکارانە زیاتر لە ناو کاری سەرشەقامدا دەبینرێن)، کارکردنی بێدەنگ، لە سێبەردابوون و دابەش کردنی کۆڵانەکان (لە کاری زبڵگەڕیدا)، ملکەچی، گوێڕایەڵی و ڕاکێشانی متمانەی خاوەنکار لە کاری کارگایی، ڕاکێشانی ڕەزامەندی کڕیارەکان، هەوڵ بۆ وەرگرتنی بەردەستییانە، بەتوانابوون و خۆدەرخستن، چەنەلێدان لەگەڵ خاوەنکار، ئەنجامدانی کار بە شێوەی کاری کۆنتراتی بۆ وێنە چنینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ. ڕێکارەکانی منداڵان و تۆڕە داکۆکی‌کارەکانیان لە هەمبەر ئازار و لێدان و یان خۆپارێزی و خۆڕاگرییان لە هەمبەر چەوسانەوە بریتییە لە داواکردن لە خاوەنکار بۆ ئەوەی مووچە بە شێوەی حەفتانە بدا، هەڵچوون و شەڕکردن لە هەمبەر بەئەزموونی توندوتیژی، ڕاکردن لە دەست پشکنەرانی کۆکردنەوە و تەکووزی شار، کار بە شێوەی خزمایەتی و دۆستایەتی، یارمەتی‌وەرگرتن

لە تۆڕە داکۆکیکارەکانی وەکوو بنەماڵە، هاوڕێیان، خزم و کەس و ناسیاوەکان، دروستکردن و پەرەدان بە پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە لە شوێنی کاردان و گۆڕینی کار. هەندێجار لەوانەیە ئەوان ناچالاکانەترین ستراتیژی بگرنە بەر، بە جۆرێک کە داوای یارمەتی لە تۆڕە داکۆکیکارەکانیان نەکەن و یان توندوتیژی و ئازار قبووڵ بکەن. یەکێک لە منداڵەکان لە مەڕ بەئەزموونکردنی ئازار وتوویەتی: "دەچمە شوێنێکی چۆڵ و خەڵوەت و لەگەڵ خۆم قسە دەکەم ئینجا لە ناو دەفتەری یادەوەرییەکانمدا دەینووسم." پشتبەستن بە باوەڕە ئایینییەکان یەکێکی دیکە لە ڕێکارەکانی منداڵانە کە ئەو خەم و خەفەتانەی کە دەرەنجامی بەئەزموونکردنی توندوتیژی و چەوسانەوەیە پێی دادەمرکێنن. منداڵێک بەم شێوە بۆی گێڕاینەوە: "من کەسێکم پێم وتن دنیا ئەوە ناهێنێ، ئەگەر بە نیازی پارەکەم بخۆی بیخۆ، دنیا چەرخ و خولی زۆرە، هەندێجاریش سڵاویان لێ دەکەم، من هیچ لە دڵمدا نییە، بە خۆم دەڵێم ڕەنگە چارەنووسم ئەمە بووە، ڕەنگ بێ خودا ئەمەی ویستبێت."

لە چارتی بەستێنی سەرەوە لێکەوتەکانی کار پیشان دراوە و لە خشتەی سەرەوە هەندێکیان ڕوون کراونەتەوە. لێرەدا هەندێکی دیکەیان ڕوون دەکەینەوە. یەکێکی دیکە لە دەرهاویشتەکان کە لە هەموو کارەکاندا هەیە وازهێنان لە خوێندنە. بەر لە هەر شتێک دەبێ بڵێین بۆ هەندێ لە منداڵانی ئەفغانستانی و قەرەج چوونە قوتابخانە مەحاڵە چونکە ئەوان بەڵگەی شارومەندی وەکوو ناسنامە یان مۆڵەتی نیشتەجێ-بوونیان نییە، هەر بۆیە بە هۆی نەبوونی هەلی چوونە قوتابخانە ئەوان کار دەکەن. ئەو منداڵانەشی کە کار دەکەن بە هۆکاری جیاواز ناچارن دەست لە خوێندن هەڵبگرن. لە هەندێ حاڵەتدا خاوەنکار مل نادا کە منداڵ هاوکات ئیش بکا و بخوێنێ چونکە ڕەوتی بەشێک لە کارەکان تێک دەچێت.[1] لە هەندێ حاڵەتدا منداڵان بۆ چوونە قوتابخانە داوای ئیزن دەکەن خاوەنکار پارەی ئەو ڕۆژەیان پێ نادات. یەکێک لە خاوەنکارەکان بۆی گێڕاینەوە: "منداڵان کەم وا هەیە ئامادە نەبن، دەترسن، ترسەکەشیان لەبەر لەدەستدانی کار نییە، ترسەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی مووچەی ئەو ڕۆژەیان."

کاریش بە شێوازی جۆراوجۆر ڕەوتی خوێندنی منداڵ تێک دەدات. لەوانەیە منداڵ لە پاڵ کار بچێتە قوتابخانە بەڵام ئاوێتەکردنی کاری قورس و خوێندن، فشار و زەختی زیاتر دەخاتە سەریان. ئەوان لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە چەندین کاتژمێر ئیش بکەن ئینجا بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و دیسانیش بگەڕێنەوە سەر ئیشەکانیان. ئەم جۆرە خوێندنە وا دەکا کە منداڵان گوشار و زەختی دووقات بەئەزموون بکەن. یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی دەیگێڕێتەوە: "هەندێ جار وا هەست دەکەم کە ئێمە ئاستی چاوەڕوانیمان لە منداڵان زۆرە، بۆ وێنە پێی بڵێین بڕوانە ئەگەر بخوێنی ئاوایە و ئەو کاتە بۆ نانی نیوەڕۆ وەرەوە، منداڵ لە کاتژمێر هەشتی سەر لە بەیانییەوە بە ڕاکە ڕاکە دەچێتە قوتابخانە، دەی دیارە ئەمە منداڵ سارد دەکاتەوە، هەست بە زەختی چەند قات بکات."

مژاری دوایی کە پێویستە زیاتر لە سەری چڕ ببینەوە چەوساندنەوەیە. بە کورتی چەوساندنەوە بریتییە لە دزینی بەشێک یان هەموو ئەو زێدەباییەی کە منداڵ لە کاردا دەیخولقێنێت. چەوساندنەوە بە شێوەی کاتژمێری کاری درێژخایەن و کارکردن لە کاتی نائاسایی، کارکردن لە بارودۆخی نالەبار، پێدانی مووچە-ی کەم و یان نەدانی مووچە، نەبوونی پشتیوانی، هەڵفریواندنی منداڵان، نەدانی مووچە لەو ڕۆژانەی کە

[1] - هەڵبەت هەندێ لە خاوەنکارانیش هەن کە داکۆکی لە سەر خوێندنی منداڵان دەکەن.

منداڵ لە پشووە، کەمکردنەوەی مووچە لە ئەگەری زیانگەیاندن بە کەرەستەکانی کار و کاڵاکان، پێدانی پارە بە خاوەنکار وەک "ڕسووم" لە لایەن منداڵەوە لە کاری زبڵگەڕی، پێدانی پارەی کۆمیسیۆن لەبەر ئیشکردن بە داشقە، پێدانی پارەی جلوبەرگ لە کاری جۆراوجۆر و پێدانی بەشێک لە داهاتی ڕۆژانەیان بە خاوەنکار وەکوو گوڵفرۆشی، لە چوارڕیانەکان یان لە کاتی ئیشکردن بە داشقە کە کار بۆ خاوەنکار دەکەن، دیاریکردنی نرخی فرۆشی شتومەکی منداڵ وەکوو زبڵ و کڕینیان بە نرخێکی یەکجار کەم و دابین نەکردنی پێویستییەکانی کار. منداڵانیش بە هۆی ئاشنا نەبوون لەگەڵ یاساکان و مافەکانیان بەستێن بۆ چەوسانەوە دەڕەخسێنن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خاوەنکارەکان خوازیاری ئەوەن ئەم منداڵانە بە کار بێنن. یەکێک لە خاوەنکارەکان گێڕایەوە: "لە کاری منداڵەکان ڕازین؟ من پێم وایە ئەم منداڵانە هەندێجار لە سەد گەورەساڵیش باشترن. باشترن؟ چونکە ڕاستگۆ و گوێڕایەڵن و هەمیش زیاتر دەترسن ئەمانە لە سەد گەنجی نەفام باشترن."

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە پاساوی وەکوو منداڵ ناندەرهێنەری بنەماڵە نییە و توانای ئەوتۆی نییە مووچەیەکی زۆر کەمیان پێ دەدرێت. نایاساییبوونی کاری منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ و جێبەجێنەبوونی یاساش بواری بۆ چەوساندنەوەی منداڵانی خۆش کردووە، چونکە لە ئەگەری چەوسانەوە و دیکەی مەترسییەکانی کار هیچ میکانیزمێکی یاسایی بۆ داکۆکی لە منداڵان ئامادە نەکراوە. خاوەنکارەکان بە بێ ئەوەی لە یاسا و چاودێری بترسن منداڵان دەخەنە ناو دۆخێکی زۆر خراپەوە و کەمترین مووچەیان پێ دەدەن. لە وتووێژ لەگەڵ پسپۆڕانی بواری منداڵ وتیان: "منداڵی کەمتر لە تەمەنی 15 ساڵ ئیزنی سکاڵا تۆمارکردنی نییە. دەوڵەتی ئێرانیش بە کردەیی لە بری ئەوەی پشکنین بکا و ڕێگری لە کاری منداڵ بکا بە کارکردی وەزارەتی کار نە تەنیا ڕێگری لە کاری منداڵ نەکردووە بەڵکوو هاندەریشیان بووە. گەورەترین هاندەرەکەیان ئەوەیە کە بە هەر برە پارەیەک و لە هەر بارودۆخێکدا دەتوانن منداڵی کرێکار ڕازی بکەن. چونکە ئەگەر گەورەساڵ سکاڵا تۆمار بکا خاوەنکار هەمیشە ترسی هەیە بەڵام منداڵ تەنانەت دادخوازییەکەشی تۆمار ناکرێت."

**باس و کۆبەندی**

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا منداڵان لە شاری تاران بە شێوازی جۆراوجۆری کار وەکوو کارکردن لە سەر شەقام، زبڵگەڕی، کارگەی گوڵ، تەڕەبار، کوورەی دروستکردنی خشت، بلوورسازی، دووکان و ڕیستورانت، کاری ماڵان و هتد ئیش دەکەن و هەر کام لەمانە ڕووبەڕوی هەندێ بارودۆخ و لێکەوتەی تایبەت دەبنەوە. لە سۆنگەی بارودۆخی هۆکارییەوە کێشە ئابوورییەکانی بنەماڵەکان و دابینکردنی بەشێک لە تێچووەکانی بنەماڵە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کارە کە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ئەم بوارە هاوئاراستەیە. ئەم تاقمە بنەماڵانە منداڵەکانیان دەنێرن بۆ کاری جۆراوجۆر کە لە ڕێگەی ئەو کارانەوە هەلی وەدەستهێنانی داهاتیان هەیە. لە هەندێ لەم کارانەدا وەکوو کاری کارگەیی کە منداڵان هەڵوەدای فێربوونی کارن، ئامانجی سەرەکی بنەماڵە دابینکردنی داهات لە ڕێگەی کارکردنی منداڵ نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکییان فێربوونی شارەزاییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو منداڵە پیشەیەکی هەبێت. ئەم تاقمی بنەماڵانە پێیان وایە خوێندن شارەزایی و پیشەی لێ سەوز نابێت. هەندێ منداڵی دیکە کە لە مافی هاووڵاتی بێبەشن، هەلی چوونە قوتابخانە و خوێندن بۆیان نەگونجاوە. لە هەندێ کاری دیکەدا

وەکوو زبڵگەڕی کە یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی کارە تۆڕی کۆچ و خزمایەتی منداڵان دەورێکی گرنگی لە کاردا هەیە.

لە پاڵ هەژاری دەبێ ئاماژە بە دەوری یاساکان و شێوازی جێبەجێکردنیان وەک یەکێک لە بەستێنەکانی کاری منداڵان بکەین. لە یاسادا کاری منداڵانی تەمەن 15 بۆ 18 ساڵان ڕێگەپێدراوە و جێبەجێکاری یاسا بە جێبەجێنەکردنی یاسا بەتایبەت لە کارگەکان و کارە ڕێکخراوەکان وەکوو تەڕەبار و زبڵگەڕی بەستێنی کاری منداڵانیان ڕەخساندووە. دەبینین کە زۆرێک لە منداڵانی خوار تەمەنی 15 ساڵان لە کاری جۆراوجۆردا ئیش دەکەن بە بێ ئەوەی جێبەجێکارانی یاسا وەکوو وەزارەتی کار ڕێگری لە کاری منداڵان بکات. پەرەسەندنی کەرتی نافەرمی دەورێکی بەرچاوی لە بەهێزکردنی ئەم پرۆسەدا هەیە چونکە لە بنەڕەتەوە ئەم کەرتە بازنەی چاودێری نایگرێتەوە و جێبەجێکارانیش هەوڵ بۆ بەفەرمیکردنی نادەن. گەڵاڵەی ڕێکخستنیش کە زیاتر منداڵانی سەرشەقام دەگرێتەوە بە بێ ئەوەی گرنگی بە بەتواناکردن و بنەماڵەی ئەو منداڵانە بدەن تەنیا لە سەر کۆکردنەوەیان چڕ بوونەتەوە و ئەنجامێکی دڵخوازی بە دواوە نییە. ئەم گەڵاڵانە لە هەندێ حاڵەتدا بوونەتە هۆی ئەوی هەندێ لە منداڵانی سەرشەقام بچنە ناو کاری پڕمەترسی کارگەوە.

ئەنجامی کاری منداڵان کۆمەڵێک خەسارەتی ورد و درشتە کە لە ڕەهەندی جۆراوجۆری جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە تەندروستی ئەو منداڵانەی خستۆتە مەترسییەوە، ڕێگری لە خوێندنیان دەکا و ڕەوتی بەتواناکردنی ئەو منداڵانەی تووشی کێشەی بنەڕەتی کردووە. هەندێ لە کارەکان وەکوو زبڵگەڕی، کارکردن لە کوورەی دروستکردنی خشت و هەندێ کاری کارگەیی لەو کارە هەرەخراپانەی کاری منداڵن و پێویستە دەوڵەتەکان بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە بە زووترین کات هەوڵ بدەن. لەگەڵ بەردەوامی ئەم ڕەوتەی ئێستا نە تەنیا نەهێشتنی کاری منداڵ وەک خراپترین جۆری کار بەدی ناکەین بەڵکوو لێکەوتە ناخهەژێنەکانی کار دەمێنێتەوە و تا دێ پەرە دەستێنێت.

**پێشنیار**

لە بەشی ژێرلقدا پێشنیارەکان کە ئەنجامی دیمانە لەگەڵ پسپۆڕانی ئەم بوارە، بەڵگە بەردەستەکان و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی نەهێشتنی کاری منداڵ دەخرێتە ڕوو:

1. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەی گەشەی هاوسەنگ لە سەر ئاستی ئێران و گرینگیدان بە هەڵاواردنی ئەرێنی بۆ ناوچە بێبەشەکان بە مەبەستی خەبات لە دژی هەژاری و نابەرانبەری، گرینگیدان بە پیشەی پەیوەندیدار بە بواری خوێندن لەم ناوچانەدا دەتوانێ یەکێک لە بزوێنەرەکانی هاندانی منداڵ بۆ خوێندن بێت.
2. ناسینی منداڵانی کار و بنەماڵەکانیان لە گەڵاڵەیەکی نیشتمانیدا و داڕشتنی پلانێکی گشتگیر بە مەبەستی نەهێشتنی هەژاری و بەتواناکردنی منداڵان و بنەماڵەکانیان.
3. لە ڕێگەی پێدانی ناسنامە بە منداڵان و هاندانیان بۆ خوێندن، هەلی خوێندن بۆ منداڵانی بێناسنامە بڕەخسێنرێت.
4. بەهێزکردنی بەستێنی یاسایی ئێنجیئۆکان، بەتواناکردن و پشتیوانی لێکردنیان.

5. پەرەدان بە میکانیزمی گونجاو کە لە سەر تەوەری وەزارەتی خۆشگوزەرانی و وەزارەتی ناوخۆ و ڕێکخراوی چاکـژیانەوە بێ بۆ ئەوەی یاسای قەدەغەکردن و داپەڕینی خێرا بۆ سڕینەوەی خراپترین جۆری کاری منداڵ و پێشنیارنامە تەواوکەرەکەی جێبەجێ بکرێت.
6. سیاسەتی حەشیمەتی دەبێ گرینگی بە کەمکردنەوی زکوزا لە ناو بنەماڵە هەژارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی ئەم بنەماڵانە بدات.
7. گرینگی بە پەروەردەی بەرانبەر بەتایبەت لە ناوچە بێبەشەکان بدرێ، و دابینکردنی خۆلی ڕاهێنان بۆ منداڵان لە ناوچەکانی کار و نیشتەجێکردنیان لە کوورەی درووستکردنی خشت، شوێنی جیاکردنەوەی زبڵ و شتی لەم چەشنە، قوتابخانەی گەڕۆک و کانێکس دەتوانێ بژاردەیکی باش بێت.
8. ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان زیاترە ڕاهێنانی پرۆفێشناڵیان بۆ بکرێ، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە ژوور تەمەنی 15 ساڵانن، ئەم خۆلی ڕاهێنانە دەبێ لەگەڵ تەمەن و بارودۆخی منداڵان گونجاو بێت.
9. مافەکانی منداڵان دەبێ لە قوتابخانەکان و ئێنجیئۆکاندا بە منداڵان بگوترێت.
10. بەفەرمی کردنی بازاڕە نافەرمییەکان بە گوێرەی پێشنیارنامەی 204 سەبارەت بە تێپەڕین لە ئابووری نافەرمییەوە بۆ ئابووری فەرمی.
11. پێویستە ئێنجیئۆکان لەگەڵ یەکتر و ڕێکخراوە خۆجێییەکانی دیکە هاوکار بن بۆ ئەوەی لە داکۆکی-کردنی منداڵانی کار توانایان زێدەتر بێت.
12. جۆرەکانی دیکەی کاری منداڵان وەکوو کارکردن لە لادێکان، کاری ماڵان، قاچاغی منداڵان، بەکارهێنانی منداڵان بۆ ئەنجامدانی هەندێ تاوان و هتد دەبێ خوێندنەوەی لە سەر بکرێت.

سەرچاوەکان:


افراسیابی، حسین؛ کلاته ساداتی، حسین و صبور، مریم. (1400). دلایل شکل‌گیری کار کودکان از منظر فعالان این حوزه؛ مطالعه کیفی در شهر یزد. *مددکاری اجتماعی*. 10 (1): 67-56.

احمدی، کامیل و همکاران (1400)، ردپای استثمار در جهان کودکی، انتشارات آوی بوف، دانمارک

انجمن حمایت از حقوق کودکان. (1398). یغمایی کودکی. پژوهشی در باب شناخت، پیش‌گیری و کنترل پدیدۀ زباله گردی کودکان در تهران. تهران: روز.

ایمانی، نفیسه؛ نرسیسیانس، ایملیا. (1390). مطالعه انسان‌شناسانه پدیده کودکان کار خیابانی در شهر کرج. *مسائل اجتماعی ایران*، 3 (1)، 7–32.

حسینی، سید حسن (1383). وضعیت کودکان کار و خیابان در ایران. *رفاه اجتماعی*، 5 (19)، 155–173.

رئیس، دانا؛ فریبرز. (1382). واکاوی کار کودکان در ایران. *رفاه اجتماعی*. 2 (7): 47–231.

زارع، شاآبادی اکبر؛ حاجی‌زاده میمندی، مسعود و اکبری قورتانی، صدیقه. (1388). نقش خانواده نابسامان بر پدیده کودکان کار (مطالعه موردی استان یزد). انتظام اجتماعی. 1 (3): 52–30.

زندرضوی، سیامک؛ رحیمی پورانارکی، ناهید (1390). مقایسه وضعیت کودکان کارگر ایرانی و افغان در استان کرمان بر پایه چهاراصل پیمان‌نامه حقوق کودک (سه اصل جامعه‌شناختی و دو راه‌حل). *مجله مطالعات اجتماعی ایران*، 5 (1)، 72–98.

صفی‌خانی؛ ثمره. (1395). کار کودکان در کوره‌های آجرپزی تحلیل شبکه روابط و اجتماعی یک کوره. *فصل‌نامه انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات*. 13 (46): 206–178.

کرمیان، فرانک؛ میرک زاده، علی‌اصغر و زرافشانی، کیومرث. (1395). تحلیل زمینه‌ها و علل به‌کارگیری کودکان در فعالیت‌های کشاورزی در مناطق روستایی. (مطالعه موردی: دهستان ماهیدشت شهرستان کرمانشاه). پژوهش و برنامه‌ریزی روستایی. 5 (3): 78–163.

فیروزآبادی؛ سیداحمد؛ رضانیاکان؛ زهرا. (1393). مطالعه عوامل اجتماعی مؤثر بر کار کودکان و پیامد آموزشی ناشی از آن. (موردمطالعه روستای کراده، شهرستان جهرم). مسائل اجتماعی ایران. 4 (1): 92–69.

قاسمی، افسانه؛ روشنفکر، پیام و دیگران. (1397). ویژگی‌های جمعیتی–اجتماعی کودکان خیابان و عوامل مرتبط با خیابانی شدن آن‌ها: مطالعه ارزیابی سریع وضعیت در کرمانشاه. مطالعات و تحقیقات اجتماعی در ایران. 8 (1): 87–114.

میرک‌زاده؛ علی‌اصغر؛ زرافشانی، کیومرث و کرمیان، فرانک. (1395). شناسایی آسیب‌های پیش روی کودکان کار روستایی در فعالیت‌های کشاورزی دهستان ماهیدشت. پژوهش‌های روستایی. 7 (3): 25–516.

وامقی، مروئۀ؛ رفیعی، حسین و دیگران. (1390). مرور نظام‌مند مطالعات کودکان خیابانی در دهه اخیر ایران: عوامل خانوادگی مرتبط و پیامدهای خیابانی شدن کودکان. مسائل اجتماعی ایران. 2 (1): 66-135.

وامقی، مروئۀ؛ دژمان، معصومه و دیگران. (1392). ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی در شهر تهران، 1392 (علل و خطرهای کار کودکان در خیابان). مطالعات و تحقیقات اجتماعی در ایران. 4 (1): 33-51.

وامقی، مروئۀ؛ روشنفکر، پیام و دیگران. (1394). بررسی ترکیبی و ارزیابی سریع وضعیت کودکان خیابانی و ویژگی‌های کار آنان در تهران. بررسی مسائل اجتماعی. 6 (2): 416–391.

وامقی، مروئه و یزدانی، فرشید. (1398). گزارش وضعیت کار کودکان در ایران. در *آسیب‌های اجتماعی و نابرابری: دومین گزارش وضعیت اجتماعی ایران 1396-1388*. (ج 2، ص 150–95). تهران: آگاه.

Arnold, T. J., Arcury, T. A., Sandberg, J. C., Quandt, S. A., Talton, J. W., Mora, D. C., ... & Daniel, S. S. (2020). Heat-related illness among Latinx child farmworkers in North Carolina: a mixed-methods study. *New solutions: a journal of environmental and occupational health policy*, *30*(2), 111-126.

Bronfenbrenner, U. (1994) .Ecological Models of Human Development .in T. Husen and T.N. Postlethwaite (eds) *International Encyclopedia of Education*, 2nd edn, pp. 1643–7. New York: Elsevier Science.

Canagarajah, S., & Nielsen, H. S. (2001). Child labor in Africa: A comparative study. *The ANNALS of the American Academy of Political and Social Science*, *575*(1), 71-91.

Diallo, Y., alex Etienne, & Mehran, F. (2013). *Global child labour trends 2008 to 2012*. ILO.

Emerson, P. M., & Knabb, S. D. (2006). Opportunity, inequality and the intergenerational transmission of child labour. *Economica*, *73*(291), 413-434.

Fyfe, A. (1989). *Child labour.* Cambridge, MA: Polity Press.

Grootaert, C., & Kanbur, R. (1995). Child labor: A review. *Available at SSRN 620526*.

Jha, M. (2009). Child Workers in India: Context and Complexities. *Human Rights Review* 10: 205–18.

International Labour Organization and United Nations Children's Fund (2021). CHILD LABOUR, GLOBAL ESTIMATES 2020, TRENDS AND THE ROAD FORWARD.. Available online at:https://www.ilo.org/ipec/Informationresources/WCMS_797515/lang--en/index.htm (accessed 17 December 2020).

Hendrickson, M.D. (2009) 'Childhood and Child Labor in the Brazilian Amazon', paper presented at the University of Pittsburgh Latin American Studies Association International Congress, Rio De Janeiro, Brazil.

Hurst, P. (2007). Health and child labor in agriculture. *Food and nutrition bulletin*, *28*(2_suppl2), S364-S371.

Liao, M., & Hong, J. S. (2011). Child labor in the People's Republic of China: An ecological systems analysis. *International Social Work*, *54*(4), 565-579.

Karatay, A. (2000) Istanbul'un Sokaklari ve Calisan Cocuklar', in S.U. Sayita and M.R. Sirin (eds) *Istanbul Cocuk Kurultayi Arastirmalari Kitabi*. pp. 453–541. Istanbul: Istanbul Cocuklari Vakfi.

Kazeem, A. (2012). Children's Work in Nigeria: Exploring the Implications of Gender, Urban–Rural Residence, and Household Socioeconomic Status. *The Review of Black Political Economy*, *39*(2), 187-201.

Khan, S., & Hesketh, T. (2010). Deteriorating situation for street children in Pakistan: a consequence of war. *Archives of disease in childhood*, *95*(8), 655-657.

Maconachie, R., & Hilson, G. (2016). Re-thinking the child labor "problem" in rural sub-Saharan Africa: The case of Sierra Leone's Half Shovels. *World development*, *78*, 136-147.

Mull, L. D., & Kirkhorn, S. R. (2005). Child labor in Ghana cocoa production: focus upon agricultural tasks, ergonomic exposures, and associated injuries and illnesses. *Public Health Reports*, *120*(6), 649-655.

Salmon, C. (2005). Child labor in Bangladesh: Are children the last economic resource of the household?. *Journal of Developing Societies*, *21*(1-2), 33-54.

Sensoy Bahar, O. (2014). An overview of the risk factors that contribute to child labor in Turkey: Implications for research, policy, and practice. *International Social Work*, *57*(6), 688-697.

Sensoy Bahar, O. (2016). How do low-income Kurdish migrant families in Turkey negotiate child/adolescent characteristics in child labor decisions? Insights from Kurdish mothers. *Qualitative Social Work*, *15*(1), 11-34.

United Nations (UN) (1990). Convention on the Rights of the Child. Available online at: http://www2.ohchr.org/english/law/pdf/crc.pdf (accessed 17 November 2020).

United Nations Children's Fund (UNICEF) (2007) 'Child Protection from Violence, Exploitation and Abuse'. Available online at: http://www.unicef.org/protection/index_childlabour.html (accessed 25 December 2020).

White, B. (2009). Social science views on working children.

Wolfe, J. H., & Dickson, M. A. (2002). Apparel manufacturer and retailer efforts to reduce child labor: An ethics of virtue perspective on codes of conduct. *Clothing and Textiles Research Journal*, *20*(4), 183-195.

پۆرتاڵی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار. پێداچوونەوە لە مانگی بەفرانباری 1399 هەتاوی. بڕوانە:

https://www.ilo.org/global/topics/dw4sd/themes/informal-economy/lang--en/index.htm.